Bingöl Üniversitesi Yaşayan Diller Enstitüsü Dergisi
Yıl:3, Cilt:3, Sayı:5, Haziran 2017, ss. 45-74

# نالی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا

## Nalî Di Belgenameyên 'Usmanî Da

## Nali In Some Ottoman Documents

## Osmanlı Arşiv Belgeleri Işığında Nâlî

**Hemin OMAR AHMAD**[1]

**پوختە:**

دۆزینەوەی بەشێکی نادیارلە ژیانی شاعیرانی کورد لە ڕێی بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا، شێوازێکی تازەیە لە ناو ڕەخنە و مێژووی ئەدەبی کوردیدا، لەو سۆنگەیەوە ئەم توێژینەوە لە ژێر ناوی (**نالی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا**) هەوڵیداوە بە گوێرەی ژمارەی ئەو بەڵگانەی کە لە ئەرشیڤخانەی عوسمانی دۆزیومانەتەوە، تیشك بخاتە سەر چەند لایەنێکی گرنگی ژیانی نالی و بەشی زۆری ئەو زانیارییانەی لە ماوەی سەد ساڵی رابردوودا لە بارەی ژیانی نالی بەگشتی پووچەڵ بکاتەوە و بە بەڵگەوە تیشك بخاتە سەر پلە و پایەی نالی، بەرهەمی دیکەی ناوبراو لە شێوەی کتێب، ژیانی لە حیجاز، هەبوون و نەبوونی هاوسەر، وەزیفەداری و بێ وەزیفەیی، تەنانەت رۆژ و مانگ و شوێنی مردنیشی ئاشکرا بکات. توێژینەوەکە وێڕای هەبوونی بەڵگەکانیش، شرۆڤەیەکیش بۆ ئەو بۆچوونانەی پێش خۆی دەکات سەبارەت بە ژیانی نالی و بە گوێرەی بابەتەکان یەك یەك دەیانخاتە بەر نەشتەری شیکردنەوە. گرنگییەکەشی لەوەدایە بۆ یەکەم جار لەناو مێژووی ئەدەبی کوردیدا دەبێتە لاپەڕەیەکی تازە سەبارەت بە چەند لایەنێکی ژیانی یەکێك لە ڕابەرانی شیعری کلاسیکی کوردی بە شێوەئاخاوتنی ناوەڕاست.

**وشەی کلیلی:**

نالی، حیجاز، هاوسەری نالی، مێژووی مردنی نالی، ئەستانە، بەرهەمێکی نالی

**PUXTEYA KURMANCÎ**

Dîtina pişkeke nediyar di jiyana helbestvanên kurd de, di rêka belgeyên 'Usmanî de, rêkeke nû û taze ye di nava rexne û dîroka edebiyata kurdî de. Ji ber vê yekê ev gotar di bin navê ***Nalî di belgenameyên 'usmanî da*** li gorî belgêyên ku li erşîvxaneya 'Usmanî hatin dîtin, tîrêj dixe ser çend aliyên

1 یاریدەدەری دۆچەنت لە زانکۆی بینگۆل، فاکەڵتیی فەن ئەدەبیات، بەشی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان، بن بەشی زمان و ئەدەبیاتی کوردی heminahmad40@gmail.com

giringa jiyana Nalî. Herweha gelek aliyên ku di sed salên berê de li gorî jiyana Nalî hatibun beḧs kirin, ewan careke dî sererast dike. Herwesa beḧsa pile û payeya Nalî û berhemek di şiklê pertukan, jiyana Ḧîcaz a wî, hebûn û nebûna hevjîn, wezîfedarî û bê wezîfeyî, roj û meh û sala wefata wî destinîşan dike.

Ev xebat ji ẍeynî hebûna belgan jî, li gorî mijaran yek bi yek şirove dike, giringiya vê lêkolînê jî ev e ku yekem car di nava dîroka edebiyata kurdî de, dibe rupereke taze li gorî çend aliyek ji jiyana yek ji rehberên helbestê klasîkî yên kurdî/soranî û bi taybetî yên bi devoka kirmanciya navîn e.

**Peyvên Sereke**: Nalî, Ḧîcaz, Hevjîna Nalî, Mirina Nalî, Estane, Berhemeka Nalî

**نالى في الوثائق العثمانية**

**ملخص البحث**

يتم الكشف والبحث عن الجوانب المجهولة في حياة الشعراء الكورد من خلال الوثائق العثمانية إذ يعد هذا الأسلوب الجديد من نوعه بمثابة قافلة في النقد والتاريخ الأدب الكوردي، ومن هذا المنظور تهدف هذه الدراسة المعنونة ب (**نالى في الوثائق العثمانية**) إلى الاعتماد على عدد من الوثائق التي عثرنا عليها في دائرة الوثائق العثمانية في مدينة اسطنبول . وحاولت الدراسة تسليط الضوء على الجوانب المهمة من حياة نالى وتوضيح أغلب المعلومات المهمة حول حياة هذا الشاعر منذ القرن الماضي، وهذه المعلومات القيمة تسلط الضوء على أهمية مكانة نالى وحياته في الحجاز ووجود كتاب قيم من تأليفه و زواجه ووظيفتهه فضلا عن تحديد مكان وفاته وتاريخه باليوم والشهر والسنة، وعلى الرغم من توفر الوثائق، قامت هذه الدراسة بتحليل كل الآراء والأفكار المتعلقة بحياته، أما من حيث الموضوعات فإن الدراسة تحاول تسليط الضوء على كل الجوانب الرئيسة التي لا غنى عنها في مثل هذه الدراسات وتكمن أهمية هذه الدراسة أنها من بواكير الأعمال في تاريخ الأدب الكوردي وستكون حقبة جديدة ومثيرة للاهتمام لدى الباحثين في هذا المجال لدراسة بعض الجوانب الرئيسة في حياة أهم أعلام الشعر الكوردى وأبرزهم من زعماء الشعر الكلاسيكي في اللهجة الوسطى.

**ABSTRACT**

The reveal and research about unknown aspects in the life of kurdish poets can be archieved through Ottoman documents. This new style can be regarded as a procession in the criticim and history of Kurdish literature. From this perspective, this study under the title “ ***Nali in some Ottoman documents***” , aims to depend on a number of documents that we have found in Ottoman Institution in Istanbul city. This stydy tried to highlight on the important aspects of Nali’s life and the clarification of thes improtant information about the life of this poet since foretime century.

This valuable information highlights the significance of his position, his life in Al-Hijaz, the existence of a precious book which he authorized, his marraige,his function and job, in addition to specificty of the place and the date of his death in day, month and year.

Althuogh these documents are available, this study has analyzed all the ideas and opinions that are related to his life. From other opint of view, the subjects try to highlight the essential and indispensable sides for study.

The importance of this study lies in the history of Kurdish literature, and this will be a new and an interesting era for scholars who are interested in this field for some fundamental aspects in the life of the most important and prominent flags and chiefs of the classic poetry in mediterranean dialect.

**ÖZET**

Kürt edebiyatı tarihi ve eleştiri tarihinde bir şairin hayatı ile ilgili yeni bilgi ve belgeleri Osmanlı Arşivi vasıtasıyla ortaya koymak yeni bir yoldur. Bu nedenle "**Osmanlı Arşiv Belgeleri Işığında Nali**" başlıklı bu çalışma, Osmanlı Arşiv belgelerinde bulunan yeni bilgi ve belgelerdir. Bu açıdan da çok önemlidir. Bu belgelerde Nali hakkında yeni bilgiler bulunmaktadır. Nali hakkında bilinen gerçekler bu belgelerle kesinlik kazanmış ve bilinmeyenler de bilinme seviyesine çıkarılmıştır. Aynı zamanda bu belgelerde Nali'nin aldığı derece ve ödüller, bir eseri, Hicaz hayatı, eşinin olup olmadığı, vazifeleri, gün, ay ve yıla göre vefat tarihi gibi konuları açıklığa kavuşturmaktadır verilmektedir.

Bu çalışma, belgelerin yanı sıra konuları bir bir yorumlamaktadır. Bu araştırmanın önemi de şudur: İlk kez Kürt edebiyatı tarihi arasında yeni bir sayfa halini alıyor. Birçok yönüyle Kurdi\sorani Klasik şiirin öncüsü olan bir şairin hayatı ile ilgili yeni ve kesin belgelerin gün yüzüne çıkmış olmasıdır.

**Anahtar Kelimeler**: Nali, Hicaz, Nali'nin Hanımı, Nali'nin Hayatı, Estane, Nali'nin Bir Eseri

**پێشەکی**

بواری لێکۆڵینەوە لە مێژووی ئەدەب بوارێکی فراوانە، لەناو مێژووی ئەدەبی کوردیشدا کەم تا زۆر ڕۆشنایی خراوەتە سەر ژیانی بەشی زۆری شاعیرانمان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستا ژیان و بەسەرهاتی بەشێکیان نادیارە و تەنانەت بەرهەمەکانیشیان نە بە تەواوی ساغکراونەتەوە و نە هەمووشیان لەبەر دەستانن. ئەوەی هەشە لە ماوەی سەدەیەکدا زانیارییەکان ئاڵوگۆڕ دەکرێن و شتێکی ئەوتۆیان بەسەردا زیادنەکراوە.

ئەگەرچی بواری لێکۆڵینەوە لە مێژووی ئەدەب، پاڵپشتییەکی گەورەیە بۆ بواری رەخنەی ئەدەبی، بەڵام تا ئێستا نەبوونی بەڵگەی چەسپاو و لەبەردەستان، کەلێنێکی گەورەی بواری مێژووی ئەدەبی کوردی بووە و لەو سۆنگەیەشەوە بەشێك لەو بەرهەمانە دوای دەرکەوتنی بەڵگەش نەبوونە کەرەستەی لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی تازە سەبارەت بە ژیانی شاعیرانمان[2]. مەلا خدری ئەحمەد شاوێسی ناسراو

2 بەداخەوە دوای چەند ساڵ لە ئاشکرابوونی زانیارییەکی تازە سەبارەت بە ژیانی نالی، بەتایبەت بۆ ساڵی مردنی، د.مارف خەزنەدار خاوەنی کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردی، مکوڕ بوو لەسەر ساڵی مردنی نالی بەوەی لە 1856

به (نالی) که له سەردەمی خۆیدا به یەکێك له کۆڵەگەکانی شیعری کوردی دادەنرێت، به درێژایی سەدەی رابردوو له ڕێگەی بەڵگەی جیاواز، ڕای جۆربەجۆر سەبارەت به ژیانی خراونەتەڕوو، بەڵام زۆر لایەنی ژیانیشی به لێڵی و نادیاری ماونەتەوە. ئەمەش گەلێك جاران وای له ڕەخنەگران کردووە، له ڕێگەی شیعرەکانییەوە هەوڵ بدەن لەبارەی تەمەن و هەبوونی ژن و منداڵەوە تەئویل و ڕاڤەی جیاجیای بۆ بکرێت و لەو سۆنگەیەشەوە چەندین تێزی ماستەر و دکتۆرای لەسەر نووسراوە، بەڵام تا ڕادەیەك هیچیان نەیانتوانیوە بڕیاری کۆتایی و یەکلاکەرەوە لەسەر لایەنە جیاوازەکانی ژیانی ئەم شاعیرە بدەن.

کوردستان زیاتر له چوارسەدە له بن دەستەڵاتی عوسمانییەکاندا بووە، ئەرشیڤخانەی عوسمانییش بێگومان به یەکێك له سەرچاوە هەرەگرنگ و بەردەستەکان سەبارەت به ژیانی سیاسی و کارگێری و کۆمەڵایەتی و ئایینی و رۆشنبیری....هتد له کوردستان دادەنرێت. لەو بوارەدا لەمێژبوو خولیای سەردان و پشکنین بووین بەناو ئەو ئەرشیڤخانەیە، به ئامانجی دۆزینەوەی چەند لایەنێکی نادیار سەبارەت به مێژووی کورد بەگشتی و مێژووی شاعیرانمان به تایبەتی، خوا یار و بار له بار بوو دەستمان پێکرد، لەنێو (نزیکەی هەشت ملیۆن بەڵگەی تایبەت به کورد و کوردستان و له چوارچێوەی سەد ملیۆن بەڵگەی عوسمانیدا)[3] چەند بەڵگەیەکمان سەبارەت به چەند لایەنێکی ژیانی مەلا خدری نالی دۆزییەوە. ئەگەرچی شێوازی تۆمارکردنی بەڵگەکان وەها ڕێکخراوە، که دۆزینەوەی کەسایەتییەکان سەخت بێت، بەتایبەتی لەوەدا به زۆری تەنیا دێڕێك یان دوو دێر و یان کەمتر به گوێرەی رستەی یەکەمی بەڵگەگە کراوەته پوختە، ئەمەش بۆته بەربەستێکی زۆر گەورە لەبەردەم دۆزینەوەی هەموو ئەو کەسایەتییانەی که له کۆتایی بەڵگەکاندا ناویان هاتووە. لەبەرئەوە، ئەو باسەی ئێمە مانای ئەوە نییە که بەڵگەی تر سەبارەت به نالی لەناو ئەرشیڤخانەی عوسمانیدا نەبن، بەڵکو به وردبوونەوە و تەتەڵەکردنی ئەو هەشت ملیۆن بەڵگەیە، هێڤی هەیە زانیاری تری سەرەکیی یان لاوەکیی سەبارەت به ناوبراو پەیدا ببن.

باسەکە وێرای ئەم پێشەکییە، به هەڵسەنگاندنی توێژینەوە و باسەکانی پێش خۆی سەبارەت به ژیانی نالی، به گوێرەی بەڵگەکان مژار مژار، لەسەر ژیانی نالی له حیجاز، ناوبانگ و پلە و پایەکەی، بەرهەمێکی دیکەی له شێوەی کتێب، هەبوون و نەبوونی هاوسەر، وەزیفەداری ناوبراو، رۆژ و مانگ و ساڵ و شوێنی مردنی نالی، دەتۆژێتەوە. له کۆتاییشدا بەڵگەکان وەك خۆی به وەرگێڕدراوی بۆ زمانی کوردی لەم لێکۆڵینەوە نووسراونەتەوە و پاشان به چەند ئەنجامێك لاپەڕەیەکی دیکەی زانیاری تازە سەبارەت به شاعیری ناوبراو دەخاتەڕوو، لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی سوودیان لێ وەرگیراوە و ئەو بەڵگانەشی که به کۆد و ژمارەی تایبەتی ئەرشیڤخانە نووسراون، دەخاتە ڕوو.

### 1.1 کتێبێکی نادیاری نالی

بەڵگەکانی عوسمانی ئەوە ئاشکرا دەکەن، که نالی زانایەکی مەزنی سەردەمی خۆی بووە، هەر وەك به دەربڕینەکانی (صاحب ارباب فضل و معارفنده سليماني الاصل= خاوەنی شکۆ و پایەبەرز و زانا، نالی ئەفەندی خەڵکی سلێمانی)[4]، ئەوە دەگەیەنێت، که نالی هەر تەنیا خاوەنی دیوانێکی شیعری نەبووە، بەڵکو ئەوەی مامۆستا مەسعوود محەمەد له زاری مەلا محەمەد (دلاوەر) [5] ەوە دەگێڕێتەوە که (له نێوان

---

مردووە، ئەگەرچی به چەند ساڵێك پێش چاپبوونی کتێبەکەش له شامەوە کتێبی نزهة الفكر چاپ دەبێ و دوای ئەو مێژووە باسی ژیانی نالی دەکات له حیجاز، وێڕای بەڵگەکانی مەسعوود محەمەد که له باب و باپیرییەوە سەبارەت بەو بابەته بۆ خوێنەرانی گواستەوە و لێکۆڵینەوەکەی د.عەبدوڵڵا حەدادیش، نەیانتوانی بیروڕای د.مارف بگۆڕن.

بۆ زانینی بیر و ڕاکەی د.مارف خەزنەدار، بڕوانە مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی سێیەم. مژاری نالی.

3 چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵڵا دەمیر فەرمانبەری فەرمانگەی ئەرشیڤخانەی عوسمانی له ئیستەنبوڵ له ڕێکەوتی 19/11/2016.

4 A.)MKT.00061.00062.001

5 ناوی محەمەد کوڕی مەلا ئیبراهیمی کوڕی قادری کوڕی عەبدوڵڵایە، نەتەوەی رەسوولی زەکییە، ساڵی 1909ی

فەقێیان سیپارەیەکی قەواعید بە هەڵبەستی کوردی نالییەوە نەقل دەکرا، هەموو مەبحەسی ”حروف“ی کتێبی ”شەرحی موغنی“ تێدابوو)[6] ئەوە دەسەلمێنێت، کە دەستی لە نووسینی کتێبی مەنهەجی فەقێیان و زانستی زمانیش هەبووە، هەروەك (خۆدزکۆ)ش دانی بەوەدا ناوە کە نەك هەر زمانەوان بەڵکو سەرۆکی زمانەوانەکانی کوردستانە، وەها وەسفی نالی کردووە، کە (زانایەکی بەناوبانگی کورد...ناوی موللا خضرە بەڵام زیاتر بە ناوە ئەدەبییەکەی نالی ئەفەندی ناسراوە. ئەم زاتە بەهرە و توانای خۆی وەکو پسپۆڕێکی شارەزا بۆ دیراسەکردنی دیالێکتەکانی کوردستانی نیشتمانەکەی تەرخان کردووە، هەروا لەمەوبەر کتێبێکی قەواعیدی زمانی عەرەبی بۆ کوردی تەرجەمە کردووە. ئەحمەد خان کە دۆستی نالی ئەفەندییە بەڵێنی دامێ لە دەرفەتێکی لەباردا بە سەرۆکی زمانەوانەکانی وڵاتەکەیم بناسێنێ)[7]. هەروەها ڕاڤەکردنی کتێبێکی کۆنی تێکەڵ لە چەند زانستێکی وەك (مناظر الانشاء[8]) و قەسیدە عەرەبییەکەی لە ناو دیوانی ئەمیری مەککە، هەموو ئەمانە شارەزایی فراوانی (نالی) لە زانستەکان نیشان دەدەن، بۆیەدەبێ لە زۆربەی ئەو بوارانەدا (نالی) ئەسپی خۆی تاو دابێت، ئەو کتێبەیشی کە ئێمە لێرە باسی دەکەین، یەکێکە لەو بوارانەی کە ئاسمان و ڕێسمان لە دیوان و پسپۆڕییە تایبەتییەکەی شاعیرێتی دوورە، بەڵام دەسەلمێنێت کە ناوبراو لەم بوارەشدا کتێبی نووسیوە.

بە پێی بەڵگەکانی عوسمانی، نالی کتێبێکی نووسیوە، ئەو کتێبە بە کتێبێك لە بواری هەندێ فەوائیدی عەقلییە و نەقلییە بووە لە بابەتی ئەوسافی حەقیقی ئیتتیسافی حەزرەتی حەقیقەت پەناهی، کە نەقیبولئەشراف ئەسعەدەفەندی لە ئیستەنبوڵەوە تەزکیرەیەکی بۆ ئەم کتێبە کردووە و بۆ سەرووی خۆی (بابی عالی) ناردووە و لە پاداشتی ئەم تەزکیرەشدا داوای 2000 قڕووشی وەك پاداشت بۆ کراوە.

ئەوەی کە وا ڕوون دەبێتەوە لەم کتێبەدا، ئەوەیە لە بەڵگەکەدا نە کتێبەکە و نە تەذکیرەکە هاوپێچ نەکراوە، لەبەرئەوەی زاراوەی (تذكرة)ش لە ناو فەرهەنگ و تێگەکانی عوسمانیاندا بۆ نووسراو بەرزکردنەوە بۆ فەرمانگەی دەوڵەت و یادداشت و ناساندنی پەرتووك و نوسینی ژیاننامەی نوسەرەکە و ئەنتۆلۆژیای کتێبەکەیە[9]، بۆیە پێمان وایە ئەو کتێبەی نالی بە زمانی تورکی نەنووسراوە، لە ناوونیشانی مژارەکەدا کە (بعض فوائد عقلية و نقلية)یە، وەها خویا دەکات کە کتێبەکە بە زمانی عەرەبی نووسرابێت و هێشتا (نالی) هەر لە کوردستان یان ڕوونتر هەر لە سلێمانی بووە، چونکە نووسراوەکە لە 1ی موحەڕەمی 1263ی کۆچی کراوە، بە پێی لێکدانەوە دەکاتە 11/1/1847 ی میلادی.

---

زایینی لە کۆیە هاتۆتە دنیا، قورئانی پیرۆزی لە خزمەتی باوکی خەتم کرد، پاشان باریان کرد بۆ جلبەسەر، ماوەیەك لەوێ خوێندی، پاشان گەڕانەوە کۆیە. لە زۆر شوێن خوێندویەتی، لای مەلای گەورەی کۆیەش خوێندویەتی، پاشان چووەتە کەرکووك لای مەلاعومەر ئۆمەرگومبەتی مایەوە تا ئیجازەی مەلایەتی وەرگرت. لە مزگەوتی (حەتك)ی کۆیە بووە مەلا، مامۆستا جگە لە مەلایەتی، شاعیریش بووە و نازناوی (دلاوەر) بووە. ناوبراو لە ساڵی 1970 کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە (مێژووی زانایانی کورد، مەلا تاهیر مەلاعەبدوڵڵا بەحرکەیی، بەرگی سێیەم،چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر2010، ل36.)

6 چەپکێك لە گوڵزاری نالی، مەسعوود محەمەد، ل 62.

7 نالی لە دەرەوەی کوردستاندا (1873-1848)، دکتۆر عەبدوڵڵا حەداد، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 2000ز.ل 8

8 مناظر الانشاء کتێبێکە لە سەدەی نۆیەمی کۆچی عیمادەدین مەحمود کوڕی محەمەد گەیلانی ناسراو بە خواجە مەحمود گاوان (886-808 کۆچی مانگی) نووسیویەتی، نالی ڕاڤەی ئەم کتێبەی کردووە و نوسخەکەی لە کتێبخانەی زانکۆی ئیستەنبوڵ پارێزراوە. بۆ زیاتر زانیاری لە بارەی ئەم کتێبەوە بڕوانە (معرفی شرح مناظر الانشاء، نسخەی خطی کتابخانەی دانشگاه استانبول ترکیە، جميل جعفری و عزیز ناصری، فصلنامە علمی پژوهشی زبان و ادب فارسی-دانشگا ازاد اسلامی واحد سنندج-شمارە 10/ سال چهارم/ بهار 1391. هەروەها لەم ساڵانەی دواییدا لەلایەن د.سەباح بەرزەنجی لیکۆڵینەوەی لەبارەوە کرا و وەك کتێب لەلایەن بنکەی ژینەوە چاپ کرا.

9 بۆ زیاتر زانیاری لە بارەی پەیڤی تذكرة، بروانە قاموس ترکی، مؤلفی: ش. سامی، اقدام مطبعەسی، در سعادت، 1317، ص 391.

### 2.1 نالی کەی کوردستانی بەجێهێشتووە؟

زۆربەی بۆچوونەکان پێیان وایە، کە نالی لەگەڵ تێکچوونی دەستەڵاتی بابانەکان، سلێمانی بەجێ هێشتووە، تەنانەت مەسعوود محەمەد باوەڕی وایە (نالی لە نێوان ساڵی 1254 کە مەرگی سلێمان پاشای تێدا بوە و ساڵی 1261 کە حوکمی بابان بەسەرچووە، ڕۆیشتووە بۆ حەج، ئیتر بەر لەوە توانیبێتی بگەڕێتەوە کارەساتی نەمانی حوکمی بابان ڕوویداوە، هەر بەم لیکدانەوەیەم وا دەزانم چوونەکەی نالی بۆ حەج دەبێ بایی خایاندنی یەك جار حەج کردن پێش ڕووداوەکەی 1261 بووبێت، چونکە ئەگەر نالی چەند ساڵێك پێش ڕووداوەکە چووبایە حەج، دوای بەسەرچوونی حەجەکە گورج دەگەڕایەوە بۆ سلێمانی. وا دیارە هەر لە سەروبەری خەریك بوون بە حەجەکەوە قەدەر لە کارسازی میرایەتی بابان بۆتەوە و ڕێی گەڕانەوەی نالی بۆ سلێمانی بەستووە.)[10]

ئەم شرۆڤەیەی مامۆستا مەسعوود محەمەد ئەگەرچی خۆی پێی وایە (لە لێکدانەوەی ڕووت بەولاوە چ بەڵگەیەکی مادی بێدەمەتەقمان لا نییە ئەم بۆچوونەی من بسەلمێنی، بەڵام بۆچوونەکە زۆر ڕێك دێت لەگەڵ مەنتیقی ڕووداوەکان و ئەو مێژووانەی گومانیان تێدا نیە)[11]. لێ ئەوەی مامۆستا دەڵێ پێچەوانەی بەڵگەکانە، چونکە نالی ئەو کاتەی بەر هەمەکەی بۆ ئیستەنبوڵ نێردراوە لە( 23ی موحەڕەمی 1263)[12] بووە کە دەکاتە 1/11/ 1847، ئەمە چەند ئەگەرێك لەخۆدەگرێت:

1-نووسراوەکە تەنیا لەلایەن وەزارەتی دارایی، یان فەرمانگەی دارایی نووسراوە و ئاماژە بەوە نەکراوە کە لە موسڵەوە هاتووە، کە ئەوکات ویلایەت بووە و سلێمانیش سەر بەو ویلایەتە بووە، چونکە ئەگەر نووسراوەکە لە موسڵەوە هاتبا، ئەوا نیشانەی ئەوە بوو نالی لەم مێژوە هێشتا لە کوردستان بووە. کە دەکاتە دوو ساڵ دوای ئەو مێژووەی مەسعوود محەمەد باسی دەکات، واتە لە ساڵی 1847 نالی هێشتا سەفەری نەکردووە.

2-ئێمە پێمان وایە ئەم کتێبە چەند ساڵێك پێش ئەم مێژووە نووسراوە، چونکە باس لە پلەو پایەی مەقامی خەلافەتی عوسمانی دەکات و ناشێ لە گەرمەی نزیکبوونەوەی ڕووخانی میرنشینی بابان لەلایەن عوسمانییەکانەوە، نالی بەم جۆرە ستایشی ئەوان بکات، چونکە ئەوە پێچەوانەی شیعرەکەشیەتی کە بۆ سالمی ناردووە و لە حاڵی سلێمانی دەپرسێت.

3-لەم مێژووەدا ئەسعەد ئەفەندی کە نەقیبولئەشراف بووە و تەذکیرەی بۆ کتێبەکەی نالی کردووە، ئەو کاتە لە ئیستەنبوڵ بووە و نزیکەی چوار هەزار کتێبی کۆکردبووە و سەرپەرشتی دەکرد و دەیپاراستن و لەو وەزیفەیە دا بووە و تا لە ساڵی 1848ی میلادی کۆچی دوایی کردووە.[13]

4-ئەگەرێکی دیکە هەیە لەم مێژووەدا نالی لە ئیستەنبوڵ بووبێ و خۆی ئەم کتێبەی گەیاندبێتە دەستی ئەسعەدەفەندی و ئەسعەدەفەندیش وەك نێوەندگیرێك کارێکی بۆ کردووە و هەوڵی داوە پاداشتی بۆ وەربگرێت، لە بەڵگەکەشدا هیچ ئاماژە بە مووسڵ و دەرەوەی ئیستەنبوڵ نەکراوە کە نووسراوەکەی لێوەهاتبێت، بەڵکو جەختکردنەوەیە لە نووسراوەکەیی نەقیبولئەشراف ئەسعەدەفەندی کە لە ئیستەنبوڵ نیشتەجێ بووە.

5-نالی لەم رێکەوتەی کە ئەم نامەیەی تێدا نووسراوە، حەجی نەکردووە، واتە هێشتا نەچووبووە حەج، بە بەڵگەی ئەوەی لە بەڵگەکانی دیکەدا ناوی بە حاجی نالی ئەفەندی دێت و لەم بەڵگەشدا پەیڤی

---

10 چەپکێك لە گوڵزاری نالی، لا 18
11 سەرچاوە و لاپەرەی پێشوو
12 بروانە بەڵگەی A_}MKT__00061_00062_001_002
13 بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە İslâm Ansiklopedisi، بەرگی یازدە، لاپەرە 347.

حاجی بۆ بەکارنەهاتووە. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە نالی ئەگەر لە سلێمانیش نەمابووبێت، هێشتا سەفەری بۆ حەج نەکردوە.

6-ئەگەرێکی دیکە هەیە کە لە تەزکیرەکەی ئەسعەدەفەندی وەسفی نالی بە زانا و خاوەن پلە و پایە و سلێمانیی ڕەسەن کراوە، ئەوەی لێ دەفامرێتەوە کە نالی لە کوردستان بووبێت و ئەم نووسراوەش لەسەر بنچینەی نووسراوی کاربەدەستانی شارەزوور و موسڵەوە نووسرابێت، چونکە لە بەڵگەکانی مەککەدا ئەو وەسفە وردە ناکرێت و باسی سلێمانیبوونیشی ناکرێت. وەك ئەوەیە کاربەدەستانی موسڵ بۆ ئەوەی شوێن و پێگەی نالی بۆ سەرووی خۆیان دیار بکەن، ئەو وەسفەیان کردووە.

ئەمانەی سەرەوە هەموویان ئەگەرن و لە ڕاستی نزیکن، بەڵام چونکە بەڵگەی یەکلاکەرەوەمان لەبەر دەست نین، تەنیا ئەو ئەگەرانەیان لێ هەڵدەکرێنین و بەڵکو لەمەودوا بە دۆزینەوەی بەڵگەی دیکە، ئەم تەم و مژە لابکەوێت.

## 3.1 پلە و پایەی نالی

لە بەڵگەکانی عوسمانیدا، نالی بە نالی ئەفەندی و حاجی نالی ئەفەندی ناوی هاتووە، دیارە پەیڤی ئەفەندی لە فەرهەنگی عوسمانیدا بە (ساحێب، مالیك، مەولا، ئاغا، حاکمی شەرعی، مەلا، کەسایەتییەکی شایستەی ڕێز و شکۆ، تەنانەت بۆ حەزرەتی پێغەمبەریش کە ناوی دەهات بە ئەفەندی ناودێر دەکرا).[14] ئەمە لەناو کورد و عەرەب و میللەتانی سەر بە دەوڵەتی عوسمانی ئەو ناوی ئەفەندییە بە مەقامی بەرز هاتووە، هەر لەبەرئەوەش لە کتێبی (نزهة الفکر) یش ئەو ئەفەندییە هەر بە ناوی نالییەوە نووساوە، دیارە (لکاندنی سیفەتی ئەفەندی بە ناوی نالییەوە بەڵگەیەکی تری پلە و پایەیەتی، لەو ڕۆژگارەدا ئەم سیفەتە بۆ ڕێزلێنان لە پیاو ماقوول و زانا و ڕووناکبیران بەکاردەهات)[15]. بە دیوێکی دیکەشدا(ئەفەندی نازناوێکی فەخری بووە، دەگوترێ لە بنەڕەتدا لە پەیڤی ئەفەندیسی یۆنانییەوە هاتۆتە ناو زمانی تورکی و تورکەکان لە سەدەی سێزدەی میلادییەوە بەکاریان هێناوە. بە مانای خودان، خاوەن موڵك، سەروەر، مەولا دێت، هەروەها وەك نازناوێکیش بۆ خودان وەزیفەیێن ئایینی و پیاوانی شەریعەت و زانایان بەکاردەهات. تەنانەت بۆ ژنی سوڵتانەکانیش بە ناوی قادین ئەفەندی و بۆ کوڕ وماڵباتی سوڵتان و هەروەها بۆ زۆر پلە و پایەی دیکەی عەسکەریش بەکاردەهات و بە سەرۆکی نووسەرانیش و دیوانەکەشی دەگوترا دیوان ئەفەندیسی[16]).

پاشان دەربڕینی (ئەربابولفەزل وەماعاریفەندە) کە بە مانای خاوەنی فەزڵ و مەزنی و هەروەها زانا و خاوەن زانست و مەعریفەت دێت، بەو پێیەی مەعاریف لە فەرهەنگی کۆنی عوسمانیدا بریتییە لە (کەسی زانا، لێزان، ناسراو، کەسێك زانستەکانی خوێندبێت و بە کۆتای هێنابن، ئوستادی هونەر، مامۆستا و دەرسبێژ)[17].

---

14 قاموس ترکی، ش. سامی، اقدام مطبعەسی، در سعادت، 1317، ص139-138

15 نالی لە دەرەوەی کوردستاندا، ل 10

16 الالقاب والوظائف العثمانیة، دراسة فی تطور الالقاب والوظائف منذ الفتح العثمانی لمصر حتی الغاء الخلافة العثمانیة من خلال الاثار والوثائق والمخطوطات 1924-1517م، دکتور مصطفی برکات، دار غریب، القاهرة 2000. ص 150-151.

17 بڕوانە http://www.osmanlicanedemek.com/maarif-2-100110

نازناوی (ئەفەندی) لە کتێبی (عثمانلی مؤلفلری) ی (محەمەد طاهر بورسەلی)[18] بۆ نالی دانەندراوە، تەنیا باس لەوە دەکات کە (لە سلێمانی لەدایك بووە و لە قەزای قەرەداغ خوێندویەتی دیوانێکی شیعری بە کوردی هەیە و بە سێ زمان شیعرەکانی بە صەنایعی بەدیعی رازاندۆتەوە و لە ساڵی 1290 لە حەجی شەریف گەڕایەوە ئەستەنبوڵ بە ڕێز و شکۆوە ئەهلی فەزڵ و شاعیران ڕوویان تێکرد و دوای ماوەیەك وەفاتی کرد و لە گۆڕستانی قەڕەجە ئەحمەد ئەسپەردەی خاك کرا. لە شیعری شۆخانەی ئەو[19]:

گەهێ تەسبیح و گەهـ بادە   گەهێ نەقشی روخی سادە

سەنەن[20] دەردنلە دنیادە  نەلەر چکدەم نەلەر چکدەم)[21]

لە بەڵگەکانیشدا[22] نازناوێکی دیکە بۆ نالی زێدەکراوە، ئەویش (خواجە) بووە، بێگومان خواجەش لەلای عوسمانییەکاندا بە واتای (مامۆستا، مودەڕیس)[23] هاتووە.

هەر لە بارەی پلەو پایەی زانستیی نالیدا، د.عەبدوڵڵا حەدداد لە لیکۆڵینەوەکەی بەناوی (نالی لە دەرەوەی کوردستاندا) بە پشتبەستن بە کتێبی نزهة الفکری ئەلحەزراوی، باسی ئەو گفتوگۆیە دەکات کە لە نێوان نالی و محەمەد مەحموود شەنقیتی ڕووی داوە هەروەك کتێبی (نزهة الفكر) باسی دەکات. ئێمە بەدوای هەموو بەرهەمەکانی شەنقیتی گەڕاین، ئەوەی بۆ ئێمە دەرکەوت ئەوەیە کە شەنقیتی لە ساڵی (1245ك[24]) لەدایك بووە، کە دەکاتە نێوان ساڵانی 1830-1829ی میلادی، بۆیە کە لەگەڵ نالی گفتوگۆی کردووە، پێمان وا نییە لە دەیەی پەنجاکانی میلادی ئەو گفتوگۆیە ڕووی دابێت. واتە ناوبراو لە نێوان

---

18 محمەد طاهر بورسەلی (1925-1861 ز) لە بورسا لەدایك بووە، مەدرەسەی سیاسی روشدییەی لە 1875 تەواو کردووە و وێڕای ئەمەش لە لای کەسانی تایبەت خوێندویەتی، پاشان لە زانکۆی سەربازی بۆتە مامۆستا. ناوبراو حەزی بە بوارەکانی مێژوو و ئەدەبیات و تەسەووف بووە. لەو میانەدا دیوانێکی شیعریشی نوسیوە. زۆر بە بەرهەمەکانی ئیبن عەرەبی پەیوەست بووە، لەو بارەوە ئیجازەی ئیرشادی لە خواجە محەمەد نوری عەرەبی مەلامەتی وەرگرتووە. دوای وەفاتی خواجە، بورسەلی وەك پێشەوایەکی مەلامەتییەکان ناسێندرا. ناوبراو بە درێژایی ژیانی، مامۆستای مەدرەسەکانی شارەکانی مەناستەر، ئەسقۆب، سەلانیك، ئەزمیر بووە و پاشان دەچێتە ئیستەنبول و لە ئەدیب و شاعیر و زانایان نزیك دەبێتەوە و دەبێتە نوێنەری شاری بورسا لە ئەنجومەنی نوێنەران، پاشان دەبێتە ئەندامی دەستەی ئەنجومەنی مێژووی عوسمانی. ناوبراو بەشێکی زۆری ئەو ژیاننامەی نووسەر و شاعیر و زانایانەی سەردەمی عوسمانی لە ڕێی خوێندنەوەی کێلی قەبران نووسیوە، چونکە لە گۆڕستانەکانی عوسمانی دەگەڕا و ناو و ساڵی مردن و لەدایك بوونیانی کۆدەکردەوە . پێناچێ ناوبراو (نالی) بینی بێت، چونکە ئەو کاتەی هاتۆتە ئیستەنبۆڵ نالی کۆچی دوایی کردبوو، ڕەنگە یان لە ڕێی گۆڕی نالییەوە یانیش لە خەڵکی تر ئەو زانیارییەی وەرگرتووە. گەلێك بەرهەمی لەپاش بەجێماوە، گرنگترینیان کتێبی عثمانلی مؤلفلری و هەروەها چەند بەرهەمێکی دیکە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە Türkiye Diyanet Vakfı İslâm Ansiklopedisi, Cilt 6, İstanbul 1992, 452-462

19 شیعرەکە نیوەدێری یەکەمی فارسییە و ئەوەی دیکەیان بە تورکی نووسراوە، کە دەڵێت: جارێ زیکرکردن و تەسبیحات کردن و جارێ بادە و بادەنۆشی و جارێکی تریش خەریکی نەقش و نیگاری رووومەتم، ئای لەبەر دەردی تۆ لە دونیادا، من چ دەردم کێشا و چم کێشا!

20 ئێمە بۆ زیاتر دڵنیابوون لەم شیعرە، گەڕاینەوە سەر چاپی کتێبەکە بە پیتی عوسمانی، بەداخەوە خوالێخۆشبوو د.عەبدوڵڵا حەدداد چاپە لاتینیکراوەکەی کردۆتە سەرچاوە و بە دوو بەیتی داناوە، ڕاستییەکەی ئەمە بەیتێکە نەك دوو بەیت، چونکە سەرواکەی (م)ە و وشەکانی (بادە، سادە، دنیادە) بوونەتە سەرواى ناوەوە. بۆ زیاتر زانیاری لەبارەی نوسخە لاتینیکراوەکە بڕوانە:
*Osmanlı Müellifleri*, Bursalı Mehmed Tahir Bey, Hazırlayanlar: A. Fikri Yavuz & İsmail Özen, 2.Cild, Yaylacık Matbaası, İstanbul, 1972, s. 284

21 عثمانلی مؤلفلری، بروسلی محمد طاهر، ایکنجی جلدك-ایکنجی قسمی، علی شکری مطبعەسی، استانبول، 1338، ص 466

22 بڕوانە بەڵگەی ژمارە (5).

23 المصطلحات المتداولة فی الدوله العثمانیة ، د.محمود عامر، مجلة دراسات تاریخیة،کلیة التربیة للبنات، جامعة البصرة، العددان 117 و118، کانون الثانی وحزیران 2012. ص 373.

24 بڕوانە نثر الجواهر والدرر في علماء القرن الرابع عشر وبذيله عقد الجوهر في علماء القرن الرابع عشر، وبذيله عقد الجواهر فی علماء الربع الاول من القرن الخامس عشر، اعداد الدكتور يوسف المرعشلی، دار المعرفة بيروت لبنان،الطبعة الاولى 2006م .ص 1470

20 بۆ 30 ساڵی بووبێت، چونکە ئەگەرچی لەو هەموو کتێبانەی کە لەبارەی شەنقیتی نووسراون و ئەو کتێبانەشی کە بۆ خۆی نووسیونی، ئاماژەی بە ساڵی سەفەرکردنی بۆ مەککە نەکردووە، تەنیا ئەوە باس دەکات، کە (یەکەم جار چۆتە شاری مەدینە دوای ئەوەی لە سەفەری حەج لە مەککە لەخۆبوونەتەوە، لە رۆژی دووشەم دەی مانگی موحەڕەمی ساڵی 1284ی کۆچی بووە) [25] کە دەکاتە 13/5/1867ی میلادی، کەواتە نالی لە دەیەی پەنجاکان لە مەککە نەبووە و میوانی ئەمیری مەککە نەبووە و دەبێ لەو ماوەیەدا لە شام بووبێت، بۆیە پێمان وایە لە کۆتایی شەستەکان ئەمە رووی دابێت و ئەو کاتیش بۆ زانایەکی وا ناوداری وەك شەنقیتی هەر نزیك چل ساڵی و بەرەو ژوور، شیاوی ئەوەبووە لەگەڵ (نالی) یەکی حەفتا ساڵە گفتوگۆ بکات.[26]

شایانی باسە حەزراوی لە کتێبەکەی باسی ئەوە دەکات کە نالی لەگەڵ شەنقیتی لەبارەی زانستی زمان و وشە و سیاقی وشە و شتی تردا گفتوگۆی کردووە.[27] وەك سەرچاوەکانیش ئاماژە بەوە دەدەن کە شەنقیتی نێوانی لەگەڵ ئەمیری مەککە تێکچووە، چونکە ئەمیری مەککە ڕۆڵی هەبووە لە تێکدانی نێوانی شەنقیتی و زانایانی مەککە. هەر ئەمەشە وایکردووە لە بەرهەمەکانی شەنقیتیدا بە هیچ جۆرێك باسی نالی نەکرێت، تەنانەت لە کتێبی (السنية الكاملة المزية فی الرحلة العلمية الشنقيطية التركزية)ی شەنقیتیدا، هێرشێکی توند دەکاتە سەر محەمەد رەسولی بەرزنجی[28] و ئەحمەد ئیسماعیل بەرزنجی[29] کە گوایە نەسەبی خۆیان بردۆتەوە سەر ئیمام موسای کازم و لە 134 دێرە شیعردا هێرشیان دەکاتە سەر و تەنانەت بە دەججال و شەیتانیش ناویان دەبات، دیارە ئەوەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە پێشتر بەرزنجیی دووەم، هێرشی کردۆتە سەر شەنقیتییەکان کە ماڵبات و تایەفەی شەنقیتییە. ناوبراو یەکێك بووە لە زانایەکانی مەدینە، لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژە بەوە دەدا کە کوردەکان لە بنەڕەتەوە هەر عەرەبن، پەسنی ئەو زانا کوردانەش دەکات کە هاوچەرخی ئەو نەبوونە، وەك ئیبن سەلاح و ئیبراهیمی گۆرانی[30]. پێدەچێ یەکێك لە هۆکارەکانی دەرکردنیشی لە مەدینە، ئەو زانا کوردە بەرزنجییەش بووبێت، بۆیەشە بە هیچ شێوەیەك ناوی نالی لە هیچ بەرهەمێکی خۆی نەهێناوە.

---

25 السنية الكاملة المزية فی الرحلة العلمية الشنقيطية التركزية، الشيخ محمد محمود بن التلاميذ التركزی الشنقيطی، طبع بمطبعة الموسوعات: مصر 1319هـ، ص104-105

26 شایانی باسە لای د.عەبدوڵڵا حەدداد ساڵی لەدایك بوونی شەنقیتی نەزانراوە، بۆیەشە نەیتوانیوە لەو ڕوانگەوە شیکردنەوە بۆ نزیکەیی لە ساڵی دیارەکە بکات.

27 نزهة الفكر فيما مضى من الحوادث والعبر فی تراجم رجال القرن الثانی عشر والثالث عشر قطعة منه، تأليف احمد بن محمد الحضراوی المكی الهاشمی، حققه محمد المصری، القسم الاول، منشورات وزارة الثقافة السورية، دمشق 1996م، ص 357

28 ناوی محەمەد کوڕی رەسول کوڕی عبدالسيد کوڕی قەلەندەری حوسەینی بەرزەنجیی شارەزووری مەدەنییە. لە 1630ی میلادی لە گوندێکی شارەزوور لەدایك بووە و لە حەلەب و میسر و دیمەشق و بەغدا و یەمەن خوێندویەتی و پاشان دەچێتە مەدینە و دەبێتە مودەڕیس لە مزگەوتی پێغەمبەر، وێرای باوکی خۆی کە مامۆستای بووە، لای مەلا زیرەك و مەلا شەریف سدیقی گۆرانی خوێندویەتی. نزیکەی بیست دانراوی لەپاش بەجێماون و دیارترین کتێبی (الاشاعة)یە کە بۆتە جێی ڕەخنەی زۆری شەنقیتی. ناوبراو بۆتە سەرۆکی فتوای شافیعی لە مەدینە. لە ساڵی 1692 کۆچی دوایی کردوە و لە بەقیع لە گۆرستانی بەرزنجییەکان نێژراوە. بنواڕە الاشاعة لاشراط الساعة، محمد بن رسول البرزنجی الحسينی، مع تعليقات محمد زكريا الكاندهلوی، دار المنهاج، الطبعة الثالثة، جدة، 2005م، ص15.

29 ئەحمەد کوڕی ئیسماعیل کوڕی زەینەلعابیدین ئەلمەدەنییە، بە شەهابەدینی بەرزنجەیی ناسراوە. لە مەدینە لە خێزانێکی زانا و ناسراو لەدایك بووە. ماڵباتەکەی دەگەڕێنەوە سەر ئیمامی عەلی، هەر ئەو مەسەلەی ڕەچەڵەکەش کێشەی شەنقیتی بووە و وەڵامی داوەتەوە. لە مەدینە لەسەر دەستی چەند زانایەك زانستی وەرگرتووە. پاشان بۆ خوێندن چۆتە میسر و دواتر گەڕاوەتەوە مەدینە و بۆتە دەرسبێژ و موفتی لە مزگەوتی مەدینە. لە ئەنجومەنی نوێنەران لە ئاستانەی عوسمانی وەك نوێنەری مەدینە هەڵبژێردراوە. لە سەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانی چۆتە شام و لە دیمەشق جێگیر بووە، تا لە ساڵی 1919 وەفاتی کردووە. چەند بەرهەمی لەپاش بەجێماون و ئەو بەرهەمەی کە شەنقیتی زۆر لەسەری رۆیشتووە و ڕەخنەی لێگرتووە ناوی (اصابة الدواهی فی اعراب الهی) یە. بڕوانە: الاعلام/ الزركلی، ج1، ص99

30 بڕوانە السنية الكاملة المزية فی الرحلة العلمية الشنقيطية التركزية، الشيخ محمد محمود بن التلاميذ التركزی الشنقيطی، طبع بمطبعة الموسوعات: مصر 1319هـ

خۆڕاییش نەبووە نالی شیعرە 116 بەیتییەکەی لە ستایشی (ئەمیر عەبدوڵڵا بن عۆن) نووسیوە، چونکە لەو ماوەیەی ناوبراو بووەتە ئەمیری مەککە، وەك ئەحمەد بن زەینی دەحلان[31] (1816-1886ز) ی موفتی ئەوسای مەککە دەڵێت: (ئەمیر بن عۆن لەلای پیاوانی دەوڵەت بە کەماڵی عەقڵ و تەگبیرکەر و زانا و شارەزا ناسرابوو، زانستی نەحووی خوێندبوو، زۆر موتاڵای کتێبی زانستەکانی تەفسیر و حەدیس و فیقهـ و ئەدەبی دەکرد.. زۆربەی کات دیوەخانەکەی تژی دەبوو لە زانایان و ئەدیبان، زۆر ڕێزی لێ دەگرتن و پێویستییەکانی دابین دەکردن)[32]. هەر ئەمەش پاڵنەری سەرەکیی مانەوەی نالی بووە لە مەککە و ستایشکردنەکەشی هەر لەو سۆنگەیەوە سەرچاوەی گرتووە.

### 4.1 سەرچاوەیەکی دیکەی عەرەبی لەسەر ژیانی نالی

دوای ئەوەی حەزراوی لە کتێبی نزهة الفکردا چەند لایەنێکی ژیانی نالی ڕوون کردەوە، کتێبی (معجم البابطین لشعراء العربیة فی القرنین التاسع عشر والعشرین) کە ژیاننامەی شاعیرانی عەرەبی هی دوو سەدە کۆکردۆتەوە، تێیدا بە پشت بەستن بە کتێبەکەی حەزراوی وەك تاکە سەرچاوە، چەند بڕگەیەکی تر لە ژیانی نالی باس دەکات کە زیادەنە بەسەر زانیارییەکانی حەزراوییەوە. وەك:

(نالی لە ساڵی 1280ك/1863 لە ژیاندا بووە. لە شاری شارەزوور دەرسی لای باوکی خوێندووە، کە باوکی لە بواری زمانەوانی و ئەدەبیاتدا زانا بووە. دوای ئەوەی زانستی زمان و ئەدەبی خوێندووە سەفەری بۆ حیجاز کردووە. پێدەچێ نالی مژوولی دەرسدانەوە و شەرع بووبێ، چونکە مەرجەعێك بووە لە زۆر لە پرسە زانستییەکان.)[33] لەمەوە دەردەکەوێت لەم موعجەمەدا ئاماژە بەوەش دراوە کە لە ساڵی 1863 ی میلادیدا نالی زیندووبووە، ئەمەش هەر لەوەوە وەرگیراوە کە لە کتێبی نزهة الفکردا دەڵێ (قدم مکة سنة نیف وثمانین ومئتین وألف[34]) د.عەبدوڵڵا حەدادیش بە پشت بەستن بە فەرهەنگی (المنجد) نێوانی(1863-1873)[35]ی داناوە، کەچی موعجەمەکە تەنیا بە 1863ی لێکداوەتەوە. هەروەها ئاماژە بە زانایی باوکی دراوە کە نالی لای ئەو خوێندویەتی، لە کاتێکدا سەرچاوە کوردییەکان بە هیچ جۆرێك باس لە زانابوونی باوکی ناکەن و بە پێچەوانەوە پێیان وایە (باوکی ڕەنجبەرێکی عەشیرەتی جاف بووە، لە بنەماڵەیەکی بە دیمەن و ناودار نەبووە... باوکی زوو مردووە و دایکی بە بێوەژنی تاقانەکەی پێگەیاندووە. لەناو کوردەواریدا ئەوە باوبووە دایکی بێوەژن نێرینەی تاقانە بخاتە بەر خوێندن)[36]. لە کاتێکدا ئەم شرۆڤانە شرۆڤەی بێ بنەمان و هیچ بەڵگەیەکیان لەگەڵدا نییە. ئەم موعجەمە نالی وەك مەرجەعێکیش دەناسێنێ کە بۆ زۆر پرسی زانستی سەرچاوە بووە.

---

31 ئەو سەردەمەی نالی لە مەککە بووە، ئەم ئەحمەد بن زەینی دەحلانە موفتی مەککە بووە، بەداخەوە سەرنجی هەموو کتێبەکانی ناوبراومان دا، هیچ ئاماژەیەك بۆ نالی نەکراوە.

32 تأریخ أشراف حجاز 1840-1883، احمد بن زینی دحلان، تحقیق وتحلیل الدکتور محمدأمین توفیق، الطبعة الاولی، دار الساقی، بیروت، 1993، ص 47

33 معجم البابطین لشعراء العربیة فی القرنین التاسع عشر والعشرین. لە ساڵی 2008 دەرچووە و زیاتر لە 25 بەرگە و لەسەر ئینتەرنێت و لەم ماڵپەردا جێگیر کراوە. ئینتەرنێت، http://www.almoajam.org 27:2:2017

34 نزهة الفکر، ص 357

35 بڕوانە نالی لە دەرەوەی کوردستان، ل 16

36 مێژووی ئەدەبی کوردی، دکتۆر مارف خەزنەدار، بەرگی سێیەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ئاراس، هەولێر 2003، ل 44-45

## 5.1 لەبارەی ژنهێنانی نالییەوە

تا ئێستا هەموو ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر ژیانی (نالی)ی شاعیر نووسراون، ئاماژە بەوە دەدەن کە ناوبراو ژنی نەهێناوە، زیاتریش ئەم بۆچوونانە لەوە سەرچاوەی گرتووە کە نالی تا لە کوردستان بووە ژنی نەبووە. لە ڕاستیشدا بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەیشی کە کراون نالی نیوەی زیاتری تەمەنی خۆی لە کوردستان بەسەر بردووە و ئەوجار ڕووی کردۆتە شام و حیجاز و ئیستەنبوڵ. ئەم بۆچوونانە بەشێکیان لە ڕوانگەی شیعرەکانەوە جەختیان لێوەکراوەتەوە، بەتایبەتی:

1- کردنە پێوەری شیعر بۆ دۆزینەوەی سەرەداوەکانی ژیانی شاعیر، زۆر جاران تەواو ئامانجی خۆی ناپێکێت، چونکە ڕەنگە زۆر جاران بەکارهێنانی هەندێك دەربڕین کە بۆنی بێ ژنی و ژنداری لێ دێت لە مەجازەوە سەرچاوەی گرتبێت و لاساییکردنەوەی شێوازی چنینی شیعرییانە بووبێت کە پێشتر شاعیری دیکە هەمان دەردەدڵی دەربڕیوە.

2- ناوهێنانی (حەبیبە)، گرفتی هەبوون و نەبوونی هاوسەر لای نالی چارەسەرناکات، هەر وەك چۆن خودی ناو و بویەرەکەش بە بێ بەڵگە دەچێتەوە ناو ئەو لوغز و چنینانەی کە تەواوی شیعری کلاسیکییان داگرتووە، لەبەرئەوە ئەو بۆچوونەی کە پێی وایە (وا دەگێڕنەوە گۆیا شاعیر لە قەرەداغ حەزی لە کەنیشکێك کردووە ناوی (حەبیبە) بووە، ئەو کیژە ناوی لە شیعری نالیدا هاتووە، بەڵام بە جۆرێك ناوی هێناوە، دەکرێ کیژێك بێ ناوی (حەبیبە) بێ، هەروەها دەکرێ وشەکە وەك وشەیێکی عەرەبی (حەبیبە) وەرگێڕانە کوردییەکەی (خۆشەویست) یا (دولبەر) بێ و شاعیر بە خەیاڵ وەك بووکی شیعر دروستی کردبێ.)[37] بۆچوونێکە تەنیا لە چوارچێوەی ڕامان لە دەقەکانەوە سەرچاوەی گرتووە و نابێتە بڕیارێکی ببڕای ببڕ، چونکە (هیچ بەڵگەیێك بەدەستەوە نییە حەبیبەی هێنا بێ، یا هەر ژنیشی هێنابێ، بەڵام ئەوە هەیە شاعیر شارەزاییێکی تەواوی لە ئەندامە نهێنی و شارراوەکانی ژن هەیە، بە هیچ جۆرێ ناکرێ ئەگەر لە نزیکەوە تێکەڵی ژن نەبووبێ ئەو شتانە بزانێ. ئەمە و لە گەشتە دوور و درێژەکانی کە لە دواجار لە ئەستەمووڵ نیشتۆتەوە ژنی لەگەڵدا نەبووە[38]) ئەمەش گرفت دەخاتەوە بەوەی، ئەگەر ڕاستە نالی ژنی هێناوە، بە بەڵگەی ئەوەی لە شیعرەکانیدا دیارە، کە شارەزاییەکی تەواوی لە تێکەڵبوون لەگەڵ ژن هەیە، ئاخۆ ئەو شیعرانە هی پێش ژنهێنانن یان دوای ژنهێنان؟ چونکە هیچ بەڵگەیەك بەدەستەوە نییە نالی کە لە سلێمانی بووە هاوسەری هەبووبێت و بە هەمان شێوەیش ئەگەر لە حیجازەوە ژنی هەبووبێت، شیعرە کوردییەکانی حیجازی دیار نین، هەر وەك چۆن شیعرە عەرەبییەکانیشی کە لەوێی نووسیون لە سەدەی بیستەمدا نەکەوتوونەتە دەستی خوێندەواری کورد.

3- لێکۆڵەرانی شیعری نالی لەبەر نەبوونی بەڵگە لەبارەی مژاری هەبوون و نەبوونی هاوسەری نالی، زۆر جاران دژی بۆچوونی یەکدی وەستاونەتەوە، بۆ وێنە مەسعوود محەمەد دەڵێت: (ناو ناوە بە پەلە گوتومە نالی ژنی نەهێناوە. لەمەشدا دژی گەلێك سەرچاوەی بەسەرهاتی نالی ڕادەوەستم کە دەڵێن حەبیبەی (ماڵی ئاوا)ی مارەکردووە و تا مردنی هەر عاشقی بووە)[39]، ئەو سەرچاوانەش زیاتر زاڵبوونی هەست و سۆزیان پێوە دیارە بەوەی مادەم نالی بە وەها جۆش و خرۆش و هەست و سۆزەوە باسی لە عیشق کردووە، دەبێت تا مردن لەگەڵ ئەو عیشقەی کە بۆتە هاوسەری ژیا بێت، ئەمەش دیسان جێی بڕوا نییە، چونکە هەر نووسەری ناوبراو ئەمجارە خۆی دڵنیا دەکاتەوە، کە (نالی لە بنەڕەتدا ژنی نەهێناوە تاکو سەرەنجامی عیشقی حەبیبەمان لێ ببێتە گرفت. ئەوانەی دەڵێن نالی ژنی هێناوە و لەگەڵی بوە تا کۆتایی ژیانی قسەیێکی ڕەشۆکی بێ بنج دەکەن کە لەگەڵ مەنتیقدا ڕێك ناکەوێت)[40].

37 مێژووی ئەدەبی کوردی، د.مارف خەزنەدار، بەرگی سێیەم، ل45
38 هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.
39 چەپکێك لە گولزاری نالی ، ل 26
40 سەرچاوەی پێشوو، ل 29

4- شاعیرانی کلاسیك، بەتایبەتیش کەسێکی وەکوو نالی، کەمترین شیعری بۆ مژاری تایبەتی وەك دایك و باوك و مردنی هاوڕێ و برادەران و ماڵ و حاڵ نووسیوە، بەڵام ئەم باسنەکردنانە بە هیچ جۆرێك مانای ئەوە نییە، کە نالی ئەمانەی نەبووە، یان تێکەڵیی و پەیوەندییەکەی کەم بووە. چونکە نەبوونی هەموو شیعرەکانی نالی لەلای لێکۆڵەری کورد بۆتە هۆی پچڕانی تەواو تێگەیشتن و حاڵی بوون لە کەسایەتی نالی. بۆ وێنە هەبوونی تەنیا شیعرێك لە دیوانەکەدا بۆ وەسفی پاشای بابان، نابێت ئەو ڕوانینە دروست بکات کە نالی شیعری بۆ دەستەڵاتداران نەبووە و حەزی بە ستایشکردنیان نەبووە، چونکە ڕەنگە تەنیا لەم مژارەدا یەك شیعری کەوتبێتە بەر دەستان و ئەوەی تری فەوتابووبن، یان لەو قۆناغەی ناو سلێمانی تەنیا ئەم شیعرەی هەبووە و دواتر لە قۆناغی دیکەدا بۆچوونی گۆڕدراوە و شیعری بە باڵای دەستەڵاتداران نووسیوە. بە بەڵگەی ئەوەی قەسیدەیەکی 116 دێری بۆ ئەمیری مەککە نووسیوە کە ئەمەش دەچێتە ناو مژاری ستایش و پێداهەڵدان، هەروەك بەرهەمیشی لەبارەی ستایشی مەقامی خەلافەتی عوسمانی نووسیوە[41].

5- هەبوون و نەبوونی ماڵ و حاڵ، مەرج نییە لە دیوانەکەدا ڕەنگیدابێتەوە، ئەم ڕوانینەی دەق بە سەرچاوەگرتن وای لە مەسعوود محەمەد کردووە بڵێت: (سەرانسەری دیوانەکەی بە وردیی تەماشا بکە چ هێمایەکیش نادۆزیتەوە ببێتە دەلیلی هەبوونی ماڵوحاڵێکی نالی، تەنانەت حاجی مەلا عەبدوڵڵاش کە باسی نالیی کردووە شتی وای لێ گێڕاوەتەوە کە لەگەڵ مرۆڤی بێ ژن و منداڵدا بگونجێت)[42]. ئەم ڕوانینە زۆر جاران ئامانجی نەپێکاوە، بەتایبەت باسکردن لە جگەرگۆشە و شوبهاندنی شیعرەکانی نالی بە جگەرگۆشە، مانای ئەوە ناگەیەنێت کە نالی ژنی نەبووە، چونکە دەگونجێ نالی منداڵی نەبووبێ، هەروەك لە بەڵگەکانیشدا هیچ شوێنەوارێکی منداڵ بەدی ناکرێت.

6- لەو بەڵگانەی لە ئەرشیڤخانەی عوسمانیدا لەبابەت نالییەوە هەن، بەشی زۆریان مژارەکەیان هاوسەرەکەیەتی، ئەو هاوسەرەی نالییش ناوی (زەینەب)ـە و دوای پێنج ساڵ لە وەفاتی (نالی)، داوای وەرگرتنی مووچەی نالی لە بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی مەککەی موکەڕەمەی سەر بە ویلایەتی حیجاز دەکات، ئەم بەڕێوەبەرایەتییەش نووسراوەکەی بۆ وەزارەتی دارایی لە ئیستەنبوڵ بەرزکردۆتەوە، تا ڕەزامەندی خەرج کردنی مووچەی چوارسەد قڕووشی بۆ بدرێت[43].

7- لەو بەڵگەدا بە هیچ شێوەیەك باس لە منداڵەکانی زەینەب و نالی ناکرێت، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە نالی منداڵی نەبووە، چونکە مادەم زەینەب خانمی هاوسەری، داوای مووچەکەی نالی دەکات، دیارە منداڵیان نەبووە، ئەگەرنا وەك میرات دەبوایە ناوی ئەوانیش لە داخوازییەکە و لە فەرمانەکەی وەزارەتی دارایی بهاتبایە.

### 1.5.1 زەینەب کێیە؟

تا ئێستا ڕوون نەبۆتەوە ئەم هاوسەرەی نالی کە ناوی زەینەبە، چ کەسە و خەڵکی کوێیە، لە بەڵگەکان هیچ ئاماژەیەك بەم بابەتە نەدراوە، بەڵام دەکرێت لە سۆنگەی ڕامان و شرۆڤەکردنەوە چەند خاڵێکی لێ هەڵبهێنجین:

1-نالی لە تەواوی دیوانەکەیدا بە هیچ شێوەیەك نە دوور نە نزیك ناوی زەینەبی نەهێناوە و بە هیچ ئاماژەیەك و هیچ پەسنێکیش ئەو ناوە بەکارنەهاتووە و تەنانەت لە جێی ڕەمزەکانی ئافرەتیش وەك حەبیبە و سەلما و لەیلادا ناوی زەینەب نەهاتووە.

---

41 هەر وەك لە تەوەرەی یەکەمی ئەم توێژینەوەدا باسی ئەم بەرهەمەمان کرد.

42 چەپکێك لە گوڵزاری نالی، ل 30

43 بڕوانە بەڵگەی ŞD__02254_00038_005

2-نەهاتنی ناوی زەینەب لە دیوانەکە و زەحمەتی و سەختی سەفەرکردنی ژن وەك هاوژینی نالی بۆ شام و ئەستانە و حیجاز، ئەوە نیشان دەدەن کە لەم هەموو سەفەرانەدا نالی تەنیا بووە و هیچ ژنێکی لەگەڵ نەبووە، ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە نالی ئەو کاتەی هاتۆتە حەج ژنی لەگەڵ نەبووە، کەواتە زۆر لەگینە بڵێین زەینەب خەڵکی حیجاز بووە.

3-بە مەزەندەی ئێمە، نالی دەوروبەری 15 ساڵێك لە مەککە ژیاوە و ئەو کاتەیشی کە چۆتە مەککە وەك حەزراوی باسی دەکات (لە هەزار و دووسەد و هەشتاو هەندێك[44])ی کۆچی کە دەکاتە هەزار و هەشت سەد و شەست و هەندێکی میلادی، کە ئەو کاتە نالی نزیك حەفتا ساڵی بووە و ڕەنگە زەینەبیش نزیك لە تەمەنی خۆی بووبێت و بەو هۆیەوەش هەم منداڵیان نەبووە و هەمیش ژنەکە خەڵکی حیجاز بووبێت.

## 6.1 مردنی نالی

سەبارەت بە مردنی (نالی) بۆچوونی جودا هەن، لە سەرەتاوە وا نیشان درا کە لە تەمەنی 58 ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە، وەك سەرەتا لە چاپەکەی چاپخانەی کوردستانی گیوی موکریانیشدا وا هاتووە کە (نالی سەر و ڕیش و سمێڵیشی سپی ببوو لە تەمەنی 58 ساڵیدا لە ئەستەمبوڵ لە (1273)ی کۆچی ڕێکەوتی (1855)ی زایینی دا کۆچی دوایی کردووە وە لە گۆڕستانی (أبا أیوب الانصاری) دا بەخاك ئەسپێرراوە.)[45] لە دیوانەکەش کە مامۆستایانی مودەڕیس چاپیان کرد، ڕایانگەیاند کە (بەڵگەی تریش بەدەستەوە هەیە پێمان ئەسەلمێنێ کەوا نالی نە لە ساڵی 1855 و نە لە ساڵی 1856 دا مردووە و نە تەمەنیشی 56 یا 58 ساڵ بووە)[46] ، ئەمەش دواتر لە ڕوانگەی شیعرەکانییەوە لێی کۆڵدرایەوە بەوەی ناکرێ نالی زۆر بە وردی باسی پیری خۆی کردبێ و ئەو تەمەنەشی هەبووبێت. لەبەرئەوە دوای ئەوەی مەسعوود محەمەد ڕیوایەتەکەی باوکی و مامی سەبارەت بە سەفەری (حاجی مەلا عەبدوڵڵا)ی باپیری بۆ حەج باس دەکات و دیدەنیی نالی تێدا باس دەکات، ئەمە بووە شەقاندنی گۆمی ئەو بۆچوونە و خوێنەری بەرەو لێکۆڵینەوە و گومانی دیکە پەلکێش کرد کە وای دادەنێ (شایەدییەکە باپیرم حاجی مەلا عەبدوڵڵایە، کە بە پێی بیستنم لە باوك و مامم گێڕابوویەوە لە ساڵی 1288 نالی لە مەککە دیتوە. لەم سالەدا باپیرم لەگەڵ حاجی مەلائەسعەدی باوکی چۆتە حەج، لە سەرەتاکانی 1289 دوای مەرگی باوکی لە مەککە دەگەڕێتەوە بۆ کۆیێ و باسی نالی دەکات کە لە مەککەی بەجێ هێشتووە بە زیندوویی. گوتبووی نالی زۆر پیر بووە، ڕەنگە نزیکی هەشتا ساڵ بووبێ.)[47]

هەر ئەم بۆچوونەی مەسعوود محەمەدیش ئاخنرایە ناو دیوانەکەی نالیی چاپی مامۆستایانی مودەڕیس و ئەو لوغزە بەوە مایەوە کە شاعیر لە نێوان1872-1871ی میلادی زیندووبووە، ئیدی مەسەلەی مردنەکەی لە کات و شوێنی دیاریکراو هەر وەك خۆی مایەوە. دواتر کە کتێبی (عثمانلی مؤلفلری) کەوتە بەردەستی توێژەری کورد، لەوێدا زانیارییەکە وردتر بوویەوە و وەها نووسراوە کە (نالی لە 1290ی هیجری لە حەج گەڕاوەتەوە ئیستەنبوڵ و دوای ماوەیەك کۆچی دوایی کردووە.[48]) کە دەکاتە ساڵی 1873 و ئەگەریش لە سێ مانگەکەی کۆتایی ئەم ساڵەی هیجریدا بێت، ئەوا پێ دەنێتە ناو ساڵی 1874ی میلادی.

---

44 نزهة الفكر، ص357

45 دیوانی نالی یادگاری مەلا خضری شارەزوورییە، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، 1974، ل ج

46 دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتح عبدالکریم،چاپی دووەم، انتشارات کردستان، سنندج، 1379، ل30

47 چەپکێك لە گوڵزاری نالی، ل 22

48 عثمانلی مؤلفلری، ص 466

لێرەدا چەند پرسیارێك خۆیان قیت دەكەنەوە، بەوەی ئایا مادەم بە پێی ئەو بەڵگانەی عوسمانی، نالی هاوسەری هەبووە و هاوسەرەكەشی لە مەككە بووە، نالی بۆچی هاتۆتە ئیستەنبوڵ؟ پاشان بۆچی لە نێوان هاتنی بۆ ئیستەنبوڵ و كۆچی دواییدا كە 4-3 ساڵ دەبێت، ئەم ماوەیە بۆچی هاوسەرەكەی بەجێ هێشتووە؟ و هۆكاری هاتنی بۆ ئیستەنبوڵ چی بووە؟ ئەمانە و زۆر پرسیاری دیكەش لەم شیكردنەوەیەدا سەر هەڵدەدەن، لێ ئەوەی گرنگە ئەوەیە كە بەڵگەنامەكانی عوسمانی سەبارەت بە مردنی نالی تەنیا یەك بەڵگە نییە، تا مرۆڤ گومان لەوە بكات هەڵە كرابێت، بەڵكو نووسراوەكان لە مەككەوە بۆ بابی عالی و شوورای دەوڵەت و بەشی دارایی لە هەموویاندا كە وێنەی نووسراوی سەرەكی هاوپێچ كردووە و ئاماژەی بە ژمارەی نووسراوەكە داوە، ڕێكەوتی مردنەكەی جەخت لێدەكەنەوە، لەبەر ئەوە لێرەدا چەند ئەگەرێك خۆیان ڕەپێشی ئەم مژارە دەكەن، ئەوانیش:

1- دەگونجێ كە نالی لەبەر قات و قڕی و بارودۆخی نەخوازراوی سیاسی حیجازی بەجێ هێشتبێت، چونكە ساڵێك بەر لەوەی نالی بگاتە ئیستەنبوڵ (لە ساڵی 1289 گرانی و قات و قڕییەكی زۆر لە نەجد بڵاوبوویەوە، وای لیهاتبوو خەڵك گۆشتی مردووی دەخوارد و پەلكی دارانی دەخوارد، خەڵكێكی زۆر مردن، ئەم برسییەتییەش تا كۆتایی ساڵی دواتر بەردەوام بوو)[49]، ئەمە لە دەوروبەری مەككە، (لە مەككە و مەدینەش تاعوون و دەردێكی پیس بڵاوبوویەوە لە كۆتایی مانگی زولحیججە تا كۆتایی موحەڕەمی ساڵی 1290ی هیجری خایاند[50])، كە ئەو ساڵەیە نالی تێیدا گەیشتۆتە ئیستەنبوڵ.

2-دەگونجێ نالی بە بانگهێشتی بەرپرسانی دەوڵەتی عوسمانی هاتبێتە ئیستەنبوڵ و وەزیفەیەكیان بۆ دانابێت و بەو هۆیەوە نەچووبێتەوە حیجاز و لەوێ كۆچی دوایی كردبێت، ئەم ئەگەرەش لاوازە، چونكە (تا ئیستا) هیچ بەڵگەیەكمان نەدۆزیوەتەوە باس لە پلە و پۆستی نالی لە ئیستەنبوڵ بكات.

3-دەگونجێ نالی خێزانەكەیشی لەگەڵ خۆی هێنابێت و دوای ئەسپەردەی خاك و دوای ماوەیەك زەینەب خانم گەڕابێتەوە حیجاز، چونكە ئەوەی لێڵی و تەم و مژی دروست كردووە ئەوەیە زەینەب خانم نزیكەی پێنج ساڵ دوای وەفاتی نالی، داخوازینامە پێشكەشی بەرپرسانی حیجاز دەكات تا سۆراغی مووچەكەی نالی بكەن و مووچەكە بە پێی یاسای ئەوكاتە بۆ ئەو بێت. لەلایەكی تر بە گوێرەی بەڵگەكان چوار مانگ دوای وەفاتی نالی، ئیدارەی مەككە و حیجاز سەرووی خۆیان ئاگاداردەكەنەوە كە مووچەكەی نالی هەڵبوەشێننەوە، ئەنجا پاش چەند ساڵ زەینەب بەدواداچوون بۆ مووچەكە دەكات، ئەمەش تەنیا ئەو ئەگەرە لەخۆدەگرێت، كە هیچ یاسایەك نەبووە دوای مردنی مووچەخۆر، موچەكە بۆ منداڵ یان هاوسەرەكەی بێت، چونكە هەروەك لە بەڵگەكانیشدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە كە دەبێ چاوەڕێ بكرێت كە شوێنێك بەتاڵ بێت، بە واز هێنان یان بە مردنی مووچەخۆرێك، ئەنجا بڕیار بدرێت مووچەكە بۆ كەسێكی دیكە بێت، كەس و كاری مردووەكەش هیچ شتێك نایگرێتەوە، تەنیا ئەوە هەیە هەروەك لە بەڵگەكان هاتووە بۆ خەڵكی نەداری مەككە و مەدینە مووچە یان یارمەتییەك هەبێت. لە یەكێك لە بەڵگەكان هاتووە كە ئیدارەی مەككە و حیجاز ناتوانن سەرپێچی دەستەڵاتی سەرووی خۆیان و بەتایبەتی پادشایی بكەن كە دوای وەفاتیان دەبێت مووچەكە ڕابگیرێت و نەدرێتە كەس. هەر بۆیەشە زەینەبی هاوسەری نالی نەیتوانیوە هەر دوای وەفاتی مێردەكەی، ڕاستەوخۆ مووچەكە وەربگرێت.

ئاگاداربوونی ئیدارەی مەككە و حیجاز بە هەڵوەشاندنەوەی مووچە، ئەگەری ئەوە لەخۆدەگرێت، كە لەبەرئەوەی بڕیاری ڕاگرتنی مووچەكە زیاتر لە چوار مانگ دوای وەفاتی نالی دێت، نیشانەی ئەوەیە گەیشتنی هەواڵی وەفاتی نالی بە مەككە وماڵباتەكەی، چوار مانگی پێ چووە.

---

49 تأريخ ابن عيسى (منقول من كتاب خزانة التواريخ النجدية)، جمع وترتيب عبدالله بن عبدالرحمن البسام، المجلد الثاني، الطبعة الاولى، دار العاصمة، 1419، ص 217

50 سەرچاوەی پێشوو، ل 213

بەڵام ئەوەی زۆر ڕوون نییە ئەوەیە، نالی کە هاتۆتە ئیستەنبوڵ مووچەکەی خۆی چۆن وەرگرتووە؟ ئایا هەر لە مەککە وەریگرتووە یان لە مەدینە ماوەتەوە؟ بێگومان هەر ئەوە ڕێی تێدەچێ کە لە مەککە وەریگرتبێت، چونکە نووسراو لە مەککەوە بەرزدەکرێتەوە بۆ ڕاگرتنی مووچەی نالی و دواتر بەهۆی بەزەیی پێداهاتنەوە بە خێزانەکەی هەوڵی ئەوەی بۆ دەدرێت کە مووچەکەی نالی بخرێتەوە سەر ناوی زەینەب خانم.

ئێمە لەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە مێژووی هاتنی نالی بۆ ئیستەنبوڵ وەك لە کتێبی (عثمانلی مؤلفلری) هاتووە، جێی گومانە، واتە مەرج نییە ساڵی 1290ی کۆچی بەرامبەر 1873ی میلادی هاتبێتە ئیستەنبوڵ، پێش دۆزینەوەی ئەم بەڵگانە دەگوترا نالی هاتۆتە ئیستەنبوڵ و پاش ماوەیەك کۆچی دوایی کردووە، ئەو ماوەیەش دیارنەبوو. لەلایەکی دیکەوە هەتا ئەو ڕۆژەی کۆچی دوایی کردووە مووچەکەی لە مەککە بووە، وەك لە بەڵگەکەدا وا هاتووە کە (هاوسەری خواجە نالی ئەفەندی زەینەب خانم، کە لە هەرێمی مەککەی موکەڕەمە نیشتەجێ بوویە، بەهۆی وەفاتی مێردی وی، ئەو 400 قرووش مووچەی مێردەکەی کە لە بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی مەککەی موکەڕەمەوە وەردەگرێت، داوا دەکات کە بۆی خەرج بکەن)[51]. واتە هیچ هۆکارێك دیارنییە کە بۆچی نالی ئەم چوار ساڵە لە خێزانەکەی دوور بووە؟ چوار ساڵ ماوەیەکی کەم نییە، نالییش هیچ ئیشێکی تایبەتی دیارنییە لە ئیستەنبوڵ کە پێی ڕاسپێردرابێت، بۆیە هەتا بەڵگەی دیکە دەدۆزرێتەوە، ئەم مژارە گومان هەڵدەگرێت، بەتایبەتیش ئەگەر نالی هاوسەری نەبوایە تا ڕادەیەك ڕێی تێدەچوو و لەگەڵیشیدا مووچەکەی دەگوازرایەوە بۆ ئیستەنبوڵ، بەڵام مادەم مووچەکە هەر لە مەککەیە و لە شوێنی خۆیەتی، جێی گومانە ئەم هەموو ساڵە مووچەکەی و هاوسەریشی بەجێبهێڵێت.

مووچەخۆربوونی نالی، چەند شتێکمان بۆ ڕوونتر دەکاتەوە. بۆ وێنە مەسعوود محەمەد لە گێڕانەوەکانی باوکیدا ئاماژە بە جۆری ژیانی نالی دەکات لە حیجاز، کە دەڵێت: (بە پێی گێڕانەوەی باپیرم نالی لە مەککە نیشتەجێ بووە نەك وەك حاجییەکی وەقتی لە مەککەی ڕابواردوە، تەنانەت گوتبووی نالی چەند بزنێکی هەبوو دەیدۆشین و هەندێکی گوزەرانی بەوانەوە بوو. بەڕاستی هەر ئەمەش لەگەڵ وەزعی نالی ڕێك دێت، چونکە زۆر ئەستەمە بۆ پیاوێکی بێ ماڵ و حاڵ و باری وەك نالی لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا گەشتی دوور و درێژی بێ لزوم بکات. گۆیا ئەگەر لە مەککە سەفەری کردبا بۆ کوێ دەچوو؟ ئەستەمبوڵ؟ شام؟ میصر؟ بابان؟ هیچ کامێکیان ئەوە نین نالی خۆی بۆ هەڵکوتێ لەو ئاخەڵێوەی ژیانییدا. وا چاوەڕوان دەکرێ لە مرۆڤێکی دینداری وەك نالی تەنیشت و ڕۆخی کەعبە بەرنەدا تا مردن. پیاوی وەك ئەو لە جێیانەوە دەچن بۆ مەککە تا گۆڕی مەرگیان لە نزیك کەعبە وە یا قەبری پێغەمبەر (ص) بێ، چۆن دەشێ ئەو بە پیریی لە سەرەمەرگدا ئەو جێگە پیرۆزە جێ بهێڵێ. بێگومان کە نالی لەو عومرەدا لە مەککە بووبێ هەر لەوێش ماوەتەوە تا مردن)[52].

لێرەدا چەند ئەگەرێك هەڵدەهێنجین:

یەکەم: بەڵگەکانی عوسمانییش ئەوە پشت ڕاست دەکەنەوە کە نالی لەم مێژووەدا لە ژیاندا بووبێت.

دووەم: ئاشکرابوونی قەسیدە عەرەبییەکەی نالی و بڵاوکردنەوەی لە کتێبی (نزهة الفکر)دا لە ساڵی 1996 پشتگیرییەکە بۆ ئەوەی بزاندرێ نالی لە حیجاز بووە و لای ئەمیری مەککە ڕێزلێگیراو بووە.

سێیەم: نالی بێ ماڵ و حال نەبووە وەك ئەوەی مەسعوود محەمەد ڕاڤەی کردووە، مادەمیش نالی

---

51 ŞD__02254_00038_001

52 چەپکێك لە گوڵزاری نالی ، ل 22

خودان خێزان بووە لە حیجاز، ئەوا ئەگەری زۆری هەیە کە نالی وەك چۆن لە دیوانی ئەمیری مەککە ڕێزلێگیراو بووە، ئاواش بەڵگەکان دەسەلمێنن کە مووچەخۆر بووە، مووچەکەش وەك لە بەڵگەنامەکان دیاردەکەوێت ئەم مووچەیەی بۆ نالی تەرخان کراوە، جا یان نالی هەر لە بنەڕەتەوە وەك وەزیفەداری مووچەخۆر بووە، یان ئەویش لەگەڵ لیستی ئەو کەسانە بووە کە بڕیارێك بووە بۆ هەموو ئەو کەس و خێزانانەی کە زۆر نەدارن و خەڵکی مەککە و مەدینەن و یان لەو دوو شارە نیشتەجێن کە بەڵگەکان بە (حەرەمەین) ناوی دەبەن، ئەوا ئەندازەیەك پارەیان وەك مووچە بۆ تەرخان دەکرێت.

بۆیە ئەگەر بەو پێیە بێت، دەردەکەوێت کە نالی گوزەرانی خراپ بووە و لەو خانەوادانە حسێب کراوە کە زۆر نەدار و موحتاجن. ئەوەشیان دوو ئەگەر لەخۆدەگرێت:

ئەلف: ئەوەیە کە نالی گوزەرانی زۆر خراپ بووە و ناوی ئەو بەشێك بووە لەو لیستەی کە بۆ نەدارانی مەککە و مەدینە دروستکراوە و دواتریش زەینەب خانمیش خراوەتەوە ناو ئەو لیستە و هەر بەو نەدارییە مووچەکەی وەرگرتووە.

بێ: نالی گوزەرانی زۆر خراپ نەبووە و لە ئەمیری مەککە نزیك بووە و وەزیفەدار بووە، بەڵام دوای ئەوەی کە وەفات دەکات، یاسای دارایی وایە کە ئەم مووچەیە دەگەڕێتەوە گەنجینەی دەوڵەت و چاوەڕێ دەکرێت تا شوێنی وەزیفەدارێك یان مووچەخۆرێك بەتاڵ دەبێت، ئەنجا بڕیار دەدرێت مووچەکە بدرێتە خێزانەکەی، لەمەشدا دیارە زەینەب خانم بە پێی بەڵگەکان پشتگیری ئەمارەتی مەککەی بۆ کراوە، کە ناوبراو جێی ئەوەیە ڕەحم و شەفەقەتی پادشایی بۆ بکرێ و حاڵ و گوزەرانی خراپە، بۆ ئەوەی ڕەگەڵ ئەو خەڵکانەی مەککە و مەدینە بخرێت، کە مووچە و یارمەتییان بۆ بڕدراوەتەوە. ئێمەش زیاتر پشتگیری ئەم بۆچوونە دەکەین و پێمان وایە ئەمە دڵنیاییتر خۆی نیشان دەدات.

ئەگەریش وا حسێبی بکەین وەزیفەداربووە، ئەوا پرسی وەزیفەدارییەکەشی کە بۆچی ناوبراو نزیك هەشتا ساڵی بووە و هێشتا خانەنشین نەکراوە؟ ئەوەیە کە (لە دوای ساڵی 1739 یاسای خانەنشینی لە دەوڵەتی عوسمانیدا گۆڕانی بەسەرداهات، بەوەی فەرمانبەر لە بوار و کارەکەی خۆیدا تا مردن دەتوانێت کاربکات و خانەنشین نەبێت، چونکە تەنیا هۆکارێك بۆ خانەنشین بوون ئەوەیە کە کەسەکە هێزی بینینی چاوی کەم بێت، ئەگەرنا تا توانای هەبێت دەتوانێت کاربکات. بۆ وێنە لەناو فەرمانبەراندا پەنجا ساڵی تا نۆهەت ساڵی و سەت ساڵیش هەبوو، وەك ئەحمەد ئەفەندی گۆنیۆلوك لە ساڵی 1785 کۆچی دوایی کرد، ئەو کاتە تەمەنی سەت ساڵ بوو و خانەنشینیش نەبوو)[53]. ئەم مووچەیەی نالییش بەڵگەی ئەوەیە یان فەرمانبەرێکی ڕەسمی بووە و یان وەك مووچەی شایستە، بۆ هەمیشەیی بۆی بڕدراوەتەوە.

ئەو بۆچوونەی مەسعوود محەمەدیش کە پێی وایە ناشێ نالی ئەو جێگە پیرۆزە لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا بەجێ بهێڵێ و تا کۆتایی تەمەنی لە مەککە ماوەتەوە، دوای دەرکەوتنی بەڵگە لێی پەشیمان دەبێتەوە و بۆچوونەکە وەها دەگۆڕێت کە (من بە پێی ئەوەی باپیرم لە ساڵی 1289ی کۆچی، نالی لە مەککە و مەدینە دیتووە و لەوێشی بەجێ هێشتووە وەهام بە دڵدا هات نالی ئەو شوینە بەجێ ناهێڵێ لەو تەمەنەی کۆتایی ژیان. بەڵام دیارە بە هەر نیازێك بووبێ بەر لە مەرگی، ڕەنگە ساڵی 1289 یان سەرەتای 1290 بۆ ئەستەنبۆڵ چووە)[54].

بەڵگەکان بە دیاریکراوی لەو داخوازییەی کە ویلایەتی مەککە بەرزی کردۆتەوە بۆ خەرجکردنی مووچەکەی نالی بۆ زەینەب خانمی خێزانی، وەها ئاماژەی بۆ دەکات کە (نالی لە 11ی تشرینی دووەمی

---

53 *Sorularla Osmanlı İmparatorluğu*, Erhan Afyoncu, Yeditepe yayınları, 2016, sh.735

54 دەستەو دامانی نالی، مەسعوود محەمەد، ل 4

ساڵی 1293ی ڕۆمی کۆچی دوایی کردووە[55]). کە دەکاتە 23ی مانگی 11ی ساڵی 1877ی میلادی، نووسراوەکان بە مێژووی رۆمی و کۆچی لە ڕێکەوتی جۆراوجۆر بەرزکراونەتەوە، ساڵی ڕۆمییەکەش زیاتر لەناو عوسمانییەکان بۆ پرسە داراییەکان بووە و نزیکەی دوو ساڵی لەگەڵ ساڵی کۆچی جیاوازە. ئەم نووسراوانە لە نێوان ئەمارەتی مەککە بۆ ویلایەتی حیجاز و پاشان بۆ داخلی و خەزێنەی دەوڵەت و شوورای دەوڵەت ئاڵوگۆڕکراون، نووسراوەکانیش لە مێژووی 2ی رەجەبی 1300 و 4ی رەجەبی 1300 و 1ی کانونی دووەمی 1298 و 16ی رەبیعولئاخەری 1299 و 21ی موحەرەمی 1299 و 19ی شەووالی 1299 و موحەرەمی 1300ن. هەموو ئەو مێژووانەی کە مانگی عەرەبییان لەگەڵدایە، ساڵەکە دەبێتە ساڵی کۆچی، ئەوانەیشی کە مانگی رۆمییان لەگەڵدایە، ساڵەکە دەبێ بە حیسابی رۆمی لێکبدرێتەوە.

## 7.1 **شوێنی مردنی نالی**

سەرەتا ئەوانەی کە لە بارەی نالییان نووسیبوو، بەتایبەتی چاپەکەی چاپخانەی کوردستان کە گیوی موکریانی پێشەکی بۆ نووسیبوو، لەوێدا شوێنی مردنی نالی ئیستەنبۆڵ و شوێنی ئەسپەردەکردنی گۆڕستانی ئەبا ئەیوبی ئەنساری داناوە. دوای چاپکردنی کتێبی عثمانلی مؤلفلری، کە لە ڕاستیدا پێش چاپی دیوانەکەش ئەم کتێبە چاپکرابوو، بەڵام نووسەر و توێژەرانی کورد زوو دەستیان پێ نەگەیشتووە، ئەم کتێبە کە نووسەرەکەی (محەمەد تاهیر بورسلری) یە، لە کتێبەکەدا بە ڕوونی ئاماژە بەوە دەکات کە نالی لە (قەرەجا ئەحمەد) ئەسپەردەی خاك کراوە. هەروەها ئەمین فەیزی بەگیش لە کتێبی ئەنجومەنی ئەدیباندا دەرحەق نالی دەڵێت: (چووەتە ئەستەموول، لە ئەسنای سوحبەتا لەگەڵ ئودەبا و فوزەڵای ئەوێ، گەلێ ئاساری فیکری و فەتانەتی نواندووە و زۆر مەزهەری تەوەجووهـ بووە. تا نیهایەتی عومری لە ئەستەموول ماوەتەوە، مەدفەنی موبارەکی ئەوەتا لە ئوسکودارە)[56]. ئەم شێوازەی ئەمین فەیزی کاتێك دەڵێت (ئەوەتا لە ئوسکودارە) چەند واتایەك هەڵدەگرێت، ئەوانیش:

أ/ ئەمین فەیزی گۆڕەکەی دیوە و زانیاری تەواوی لەسەر گۆڕەکە هەبووە و لێی نزیك بووە، چونکە شێوازی (ئەوەتا) وێڕای ئەوەی نزیکی دەگەیەنێت، ئاماژەشە بۆ ئەوەی کە ناوبراو شارەزایە و دڵنیایە کە لەوێیە.

ب/ ئوسکودار ناوچەیەکی دیاریکراوی ئیستەنبوڵە و (دەکەوێتە بەرانبەر ناوچەی کۆنی ئەمین ئۆنو و ئێستا زیاتر لە نیو ملیۆن کەسی لێ دەژیەت). [57]

هەرچی بەڵگەکانی ناو ئەرشیڤخانەی عوسمانین، تەنیا ئاماژە بەوە دەدەن کە لە ئیستەنبوڵ کۆچی دوایی کردوە و بە پەیڤی (در سعادت) ناوی دێنن، کە لە شێوازی نووسینی بەڵگەکاندا بە مانای ئیستەنبوڵ دێت و هیچ ئاماژەیەکیشی بە گۆڕستان و شوێنی ئەسپەردەکردنی نەکراوە.

55 بڕوانە ŞD__02254_00038_005

56 انجمن ادیبان کورد، امین فیضی، استمول، 1920، ل5.

57 بڕوانە سایتی وێکیپیدیا
https://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%A3%D8%B3%D9%83%D8%AF%D8%A7%D8%B1

## بەڵگەکان

### (1) [58]

**بۆ وەزارەتی دارایی**

نالی ئەفەندیی خاوەنی فەزڵ و هەروەها ناودار، بە ئەسڵ خەڵکی سلێمانییە، دەرحەقی حەقیقەتی پەسنی پادشا، ڕیسالەیەکی عەقڵی و نەقڵی ئامادەکردووە. ئەم ڕیسالەیە لەلایەن سەماحەتی بەڕێز نەقیبولئەشراف ئەسعەدە فەندی ڕەوانەکراوە.

ناوبراو(ئەسعەدەفەندی) کەسێکی لێهاتوو و خاوەن کەماڵە، شایانی ئەوەیە کە چاکە و لوتف وئیحسانی لەبەرامبەردا بکرێت. ئەندازەیەکی گونجاو خەڵاتی پادشایی دەبێتە هۆی کەیفخۆشی وی، خەڵاتەکەش لەژێرەوە بە نووسین نێردراوە. بە گوێرەی نووسینەکە بۆ ئەو کەسە کە شایستەی خەڵاتی پادشایی بووە، دووهەزار قڕووش بە دەستووری پاشایی بە گونجاو زانراوە و پادشاش ئەو دووسەد قڕووشەی بە گونجاو زانیوە، بۆیە بۆ وەرگرتنی ئەم ئەندازە گونجاوەی خەڵات کە دووسەد قڕووشە، پێویستە ناوبراو بێتە بابی عالی.

23/1/1263[59]

### (2) [60]

ڕێکەوت: 24ی ڕەجەب 1300

**مەزبەتە**

هاوسەری خواجە نالی ئەفەندی زەینەب خانم، کە لە هەرێمی مەککەی موکەڕەمە نیشتەجێ بوویە، بەهۆی وەفاتی مێردی وی، ئەو 400 قڕووش مووچەی مێردەکەی کە لە بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی مەککەی موکەڕەمەوە وەردەگرێت، داوا دەکات کە بۆی خەرج بکەن. لەبەرئەوە عەرز و حاڵی داوەتە بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی مەککەی موکەڕەمە. نووسراوی ویلایەتی حیجاز کە لە وەزارەتی کاروباری ناوخۆوەوە نێردرابوو بۆ شوورای دەوڵەت. لە 2ی موحەڕەمی ساڵی 1300[61] دا ئەو نووسراوە دراوەتە فەرمانگەی کاروباری ناوخۆ. لەوێ خوێندراوەتەوە و بۆ وەزارەتی دارایی پێکەوە نووسراوێك کراوە. دەرحەق بە تەڤگەری 333 قڕووش مووچەی نالی ئەفەندی کە لە ساڵی1293 لە مانگی تشرینی دووەم لە ئەستەنبوڵی وەفاتی کردووە، لە وەزارەتی داراییش پرسیاری ئەمە کراوە. وەڵامی وەزارەتی داراییش ئەوەیە: بە دڵنیایی ئەو مووچەیەی کە لای ئێمە ئاشکرایە (ئەو مووچەیەی کە نالی وەریدەگرت ئێستا کەس وەرناگرێت) نادرێتە کەس و با لە گەنجینە بمێنێتەوە. پێویست وایە ئیرادەی پادشایی بڕیاربدات لەبەرئەوەی بەو شێوەیە مووچەکە تۆمارکراوە، بۆیە لە نووسراوی سەدری ئەعزەم (سەرۆك وەزیر) چۆن فەرمان کراوە و ئیرادەی خۆی ئاشکرا کردووە، دوای وەفات تۆماری ئەو مووچانە هەڵدەوەشینرێنەوە، لەبەرهەندێ دەرهەقی مووچەی ئەو ماڵباتانە کە وەك موحتاج و هەژار ناسراون، گەنجینە ناتوانێ شتێکی ئەوتۆ بڵێ.

---

58 A_}MKT__00061_00062_001_001

59 دەکاتە 11/1/1847ی میلادی

60 ŞD__02254_00038_001

61 دەکاتە 13/11/1882ی میلادی

بڕیار ئەوە کە مووچەی شەخس کە بە کراوەیی بمێنێتەوە (دوای مردنی ئەوان) و لە گەنجینە دەمێنێتەوە. بەڵام لەبەرئەوەی زەینەب خانم موحتاجی مەرحەمەت و موحتاجی شەفەقەتی پادشاییە و ئەمەش لە نووسراوەکەدا زۆر ڕوون و ئاشکرا دیارە، لەبەرئەوە بۆ ئەو کەسانەی کە لە (حەڕەمەین) ێ نیشتەجێ بووینە بەتایبەتی تەرخانکراوە (کە یەکێك دەمرێت مووچەکەی لە خەزێنەوە ناچێتە دەستی کەسی دیکەوە) یەکە و مووچەیەك وەربگرن و هەندێك مووچەش تایبەت بکەن بۆ زەینەب خانم. ئەو ڕاسپاردە بەم شێوەیە کە بۆ ویلایەتی حیجاز ڕەوان بکرێ لە وەزارەتی کاروباری ناوخۆوە نێردرا. ئەمر و فەرمانی ئەوانە.

**(3) [62]**

**کاروباری ناوخۆ**

جێبەجێشتنی نووسراو: 4ی رەجەبی 1300 [63] و لە یەکی کانوونی دووەمی ساڵی 1298 [64]

ژمارەی دەفتەر: 92

یەك ئەوراق، عەرز و حاڵی زەینەب خانم ژنی نالی ئەفەندی کە یەکێکە لەو کەسانەی لە مەککەی موکەڕەمە دادەنیشێ و دەرحەق وەرگرتنی 400 قڕووش مووچە.

یەك نووسراوی والیی حیجاز.

یەك تەزکیرەی وەزارەت و ڕاگەیاندن بۆ وەزارەتی دارایی.

(4) [65]

**شوورای دەوڵەت**

**فەرمانگەی ناوخۆ**

**ژمارە 123**

**بۆ وەزارەتی دارایی بەڕێز**

**ئەفەندی، خاوەن شکۆ، بەڕێز**

زەینەب خانمی هاوسەری خواجە نالی ئەفەندی، کە لە حەرەمی مەککەی موکەڕەمە دادەنیشێت، بەهۆی وەفاتی مێردەکەیەوە 400 قڕووش مووچەی مێردی وی کە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی مەککەی موکەڕەمەوە بۆی تەرخانکرابوو، داوادەکات ئەم برە پارەیەی بدرێتێ. ناوبراو عەرز و حاڵی دابوو، لەسەر ئەو عەرز و حاڵەوە نوسراوی ویلایەتی حیجاز لە شوورای دەوڵەتەوە نێردرابوو و لە فەرمانگەی کاروباری ناوخۆشەوە خوێندراوەتەوە. لە نووسراوەکەی ویلایەتی حیجازەوە ئەوەی لێ دەفامرێتەوە کە دەربارەی بەتاڵبوونی ئەو مووچەوە، کاری پێویست بگیرێتە بەر لە وەزارەتەکەشتان

62 ŞD__02254_00038_003

63 دەکاتە 11/5/1883ی میلادی

64 ڕەنگە هەڵەیەك لە نووسینەوەی ئەم دوو مێژووە هەبێ، هەڵەکەش چەند مانگێکی جیاوازە بە پێی حیسابی لێکدانەوەی مێژووی کۆچی بە مێژووی ڕۆمی.

65 ŞD__02254_00038_005

پرسیارکراوه. لەسەر ئەم ئاگاهییانەی دەربارەی ئەو مووچەیە، با تەتبیقاتی گەنجینە و هەروەها دەرهەقی عەرز و حاڵ ڕوانین و بۆچوونی وەزارەتی مەزنی ئێوە رابگەیەندرێ و ناردنی نووسراوی ناوبراو لەژێر ئەمر و فەرمانی ئێوەدایە.

لە 3ی مانگی موحەڕەمی ساڵی 1300 و لە 29ی تشرینی دووەمی ساڵی 1298.

**ئەفەندی، خاوەن شکۆ، بەڕێز**

لەو نووسراوەی کە شایستەی وەزیرایەتی ئێوە و وەك ئێوە ڕاتانگەیاندووە و ئێمەش لێی تێگەیشتووین، کە بە دەست لە بەڕێوەبەرایەتی خەرجیی گشتییەوە نێردراوە، لەبارەی مووچەی حاجی نالی ئەفەندی کە بەتایبەت لە وەزارەت و لە بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی مەککەی موکەڕەمەوە مانگانە 333 قرووشی بۆ تەرخانکرابوو. پاش وەفاتی لە ئەستەنبوڵ لە یازدەی تشرینی دووەمی ساڵی 93، لە نووسراوی ئەمارەتی مەککەی موکەڕەمەوە هاتووە کە ئەو مووچەیە بدەنە زەینەب خانمی هاوسەری، بەڵام بە دڵنیاییی کە مووچەی کەسێك بە بەتاڵی و بۆش دەمێنێتەوە، پێویستە ئەو مووچەیە نەبردرێتە هیچ جێگایەك و نەدرێتە کەسی دیکە و لە گەنجینە بمێنێتەوە، ئەوەش یەکێکە لە داخوازییەکانی پاشا. لەم بوارەدا لە مێژووی 24ی نیسانی ساڵی 1294 دا[66] لە ئەمارەتی مەککەی موکەڕەمە و ویلایەتی حیجاز بۆ ئێمە نووسراویان ناردبوو، گوتبوویان تۆماری ئەو مووچەیە هەڵبوەشێننەوە، لە خالێکی تەزکیرەدا (نووسراو= پسوولە)ی سەرۆك وەزیر (سەدری ئەعزەم) دا لە مێژووی 13ی ئەیلوولی 1298دا دێتە فێمکردن کە ئەو کەسانەی بە نەدار و موحتاجی ئەمارەتی مەککەی موکەڕەمە دەخەمڵێندرێن و ئەوانەی خەڵکی ئەوێن و ئەوانەشی لەوێ دادەنیشن، مووچە و ئەو شتەی دەدەنە ئەوان دوای وەفاتکردنیان پێویستە تۆمارەکانیان هەڵبوەشێندرێتەوە. ئەو مووچەیەش کە لە سەرەتاوە تۆمارەکەی هەڵوەشێندراوەتەوە، پێویستە ئێمە چاوپۆشی لێ بکەین و لەسەری ڕانەوەستین. ئەوەش هەیە: کە ئەو مووچەیەی بۆ کەسێك تەرخاندەکرێت وبە بەتاڵی دەمێنێتەوە، دەبێ مووچەکەی بگاتە گەنجینە و دەستەڵاتی بڕیاردانی مووچە. لەبەرئەوە لەلای گەنجینەوە هیچ شتێك باس ناکرێت، ئەمە بە نووسراو کە شایستەی وەزیرایەتی ئێوە بێ و پێشکەش دەکەین و هەروەها بە دەمیش دەیخەینەڕوو و دواتر بۆتان دەنێرینەوە.

لەم بوارەشدا ئەمر و فەرمان هەر هی ئێوەیە.

لە 29ی سەفەری ساڵی 1300 و لە 28ی کانونی یەکەمی ساڵی 1298[67]

کۆشکی پادشایی یەلدز، بەڕێوەبەرایەتی سەرنووسەریی.

66 دەکاتە 8/5/1878ی میلادی
67 دەکاتە 9/1/1883ی میلادی

(5) [68]

**بۆ وەزارەتی کاروباری ناوخۆ/ بەڕێز و خاوەنشکۆ و قەدرگران**

داواکاریی بەندەی سووك و حەقیرتان

لە وەزارەتی پایەبڵندی ئێوەوە، نووسراوی هێژا بە ژمارەی 32 و لە مێژووی 16ی ڕەبیعولئاخەری ساڵی 1299 گەیشتە ئێمە. لەم نووسراوەی ئێوەی هێژادا، زەینەب خانمی ژنی مەرحووم خواجە نالی ئەفەندی کە لە حەرەمی مەککەی موکەڕەمە دادەنیشێت، مووچەی مێردەکەی لە بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی مەککەی موکەڕەمە کە 400 قرووشە، بۆ ئەوەی ئەو ئەو مووچەیە وەربگرێت، عەرز و حاڵی داوە و لەسەر ئەو عەرز و حاڵەوە نووسراوی ئێوە لە 22ی موحەڕەمی ساڵی 1299 دا، ئەمری ئێوەی مەزن دەبێت پێك بێت و ئەو ڕەوشەش بۆ ئێوە شرۆڤەبکرێت، ئەمەش بە دڵنیایی فەرمان کراوە. بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی مەککەی موککەڕەمە ئاگادارکراوەتەوە و بە دەست ئەو ئەمرە لە ئەنجومەنی بەڕێوەبەرایەتی ویلایەت ڕا نێردراوە.

نالی ئەفەندی لە ساڵی ڕابردوو (1293)دا لە مانگی تشرینی دووەمدا لە ئەستەنبوڵێ وەفاتی کردووە و ئەو مووچەیە کە لە بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی مەککەی موکەڕەمەوە وەردەگرێت بە کێماسییەکەیەوە بریتییە لە 333 قروش، بە جێگیربوونی ئەم مووچەیە لەو کاتەوە نووسراو بۆ وەزارەتی دارایی کراوە، بەڵام ئێمە هیچ ئاگادار نین، لەبەرئەوە ئەم ڕوونکردنەوەیە بە ئێوە ڕادەگەیەنین و لەم بوارەشدا ئەمر و فەرمان هەر هی ئێوەیە.

19ی شەووالی 1299

21ی ئابی 1298 [69]

**بەندە**

**والی و فەرماندار سەید عوسمان نووری**

68 ŞD__02254_00038_007

69 دەکاتە 3/ 9/1882ی میلادی

### ئەنجام

1-نالی وێڕای دیوانەکەی و کتێبی مناظر الانشاء، خاوەنی بەرهەمێکی دیکە بووە کە بە (هەندێ فەوائیدی عەقلیە و نەقلیە) ناونراوە و بۆ وەسف و ستایشی مەقامی خەلافەت و خەلیفەی عوسمانی نووسراوە و ئەم بەرهەمەش لە ساڵی 1847ەوە بۆ بارەگای بابی عالی بەرزکراوەتەوە و داوای پاداشتی بۆ کراوە، ئەو کاتەش هێشتا نالی سەفەری حەجی نەکردووە و بە حاجی بانگ نەکراوە.

2-نالی لەناو عوسمانییەکان بە حاجی و خاوەن پایە و زانا و پیاوێکی مەزن و شارەزا و خەڵکی سلێمانی وەسف کراوە. هەموو ئەو پێشناو و پەسنانەی سەبارەت بە نالی هاتوون، بۆ شاعیر و حەکیم و شارەزا و خاوەن پلە و پایەکانی ناو دەستەڵاتی عوسمانی بەکارهێندراون.

3-سەرچاوەیەك بە پشت بەستن بە کتێبەکەی حەزراوی، زانیاری دیکە سەبارەت بە ژیانی نالی زیاد دەکات، ئەویش ئەوەیە ناوبراو لەلای باوکی خوێندویەتی و پاشان رووی کردۆتە حیجاز و لە حیجاز لە زۆر لە پرسە زانستییەکاندا بە یەکێك لە مەرجەعەکانی زانست حسێبکراوە.

4-هەموو ئەو بۆچوونانەی لە ڕوانگەی شیعرەکانییەوە سەبارەت بە نەبوونی هاوسەری نالی دەڵێن، لە ڕاستی دوورن و نالی ئەو کاتەی لە مەککە بووە ژنی هەبووە و ئەو ژنەش ناوی زەینەب خانم بووە و پێنج ساڵ دوای مردنی نالییش ئەو هەر لە ژیان بووە و لە مەککە دەرنەچووە.

5-نالی لە سەردەمی عوسمانییەکاندا و لە شاری مەککەدا مووچەخۆری عوسمانییەکان بووە و دوای مردنەکەی، ژنەکەی داوای مووچەکەی نالی لە دەستەڵاتدارانی مەککە و خەزێنەی دەوڵەت کردووە و مووچەکەش چوارسەد قرووش بووە.

6-نالی لە زەینەبی خێزانی هیچ منداڵێکی لەپاش بەجێ نەماوە.

7-نالی لە ڕۆژی 23ی مانگی 11ی ساڵی 1877ی میلادی لە ئیستەنبوڵ کۆچی دوایی کردووە و هەر لەوێش نێژراوە.

### سەرچاوەکان


**بە زمانی کوردی:**

انجمن ادیبان کورد، امین فیضی، استمول، 1920.

چەپکێك لە گوڵزاری نالی، مەسعوود محەمەد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا 1976.

دەستەو دامانی نالی ، مەسعوود محەمەد، ستۆکهۆڵم، 1997.

دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتح عبدالکریم،چاپی دووەم، انتشارات کردستان، سنندج، 1379.

دیوانی نالی یادگاری مەلا خضری شارەزوورییە، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، .1974

مێژووی ئەدەبی کوردی، دکتۆر مارف خەزنەدار، بەرگی سێیەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ئاراس، هەولێر .2003

مێژووی زانایانی کورد، مەلا تاهیر مەلاعەبدوڵڵا بەحرکەیی، بەرگی سێیەم،چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر2010.

نالی لە دەرەوەی کوردستاندا (1873-1848)، دکتۆر عەبدوڵڵا حەداد، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 2000ز.

**بە زمانی عەرەبی:**


الاشاعة لاشراط الساعة، محمد بن رسول البرزنجي الحسيني، مع تعليقات محمد زكريا الكاندهلوى، دار المنهاج، الطبعة الثالثة، جدة، 2005م.

الاعلام/ الزركلي، خير الدين بن محمود بن محمد بن علي بن فارس، الزركلي الدمشقي (المتوفى: 1396هـ)، ج1، دار العلم للملايين الطبعة: الخامسة عشر - أيار / مايو 2002.

الالقاب والوظائف العثمانية، دراسة فى تطور الالقاب والوظائف منذ الفتح العثمانى لمصر حتى الغاء الخلافة العثمانية من خلال الاثار والوثائق والمخطوطات 1517-1924م، دكتور مصطفى بركات، دار غريب، القاهرة 2000.

السنية الكاملة المزية فى الرحلة العلمية الشنقيطية التركزية، الشيخ محمد محمود بن التلاميذ التركزى الشنقيطى، طبع بمطبعة الموسوعات: مصر 1319هـ.

تأريخ ابن عيسى (منقول من كتاب خزانة التواريخ النجدية)، جمع وترتيب عبدالله بن عبدالرحمن البسام، المجلد الثانى، الطبعة الاولى، دار العاصمة، 1419.

تأريخ أشراف حجاز 1840-1883، احمد بن زينى دحلان، تحقيق وتحليل الدكتور محمدأمين توفيق، الطبعة الاولى، دار الساقى، بيروت، 1993.

نثر الجواهر والدرر في علماء القرن الرابع عشر وبذيله عقد الجوهر في علماء القرن الرابع عشر، وبذيله عقد الجواهر فى علماء الربع الاول من القرن الخامس عشر، اعداد الدكتور يوسف المرعشلى، دار المعرفة بيروت لبنان،الطبعة الاولى 2006م.

نزهة الفكر فيما مضى من الحوادث والعبر فى تراجم رجال القرن الثانى عشر والثالث عشر قطعة منه، تأليف احمد بن محمد الحضراوى المكى الهاشمى، حققه محمد المصرى، القسم الاول، منشورات وزارة الثقافة السورية، دمشق 1996م.

المصطلحات المتداولة فى الدوله العثمانية ، د.محمود عامر، مجلة دراسات تاريخية، كلية التربية للبنات، جامعة البصرة، العددان 117 و118، كانون الثانى وحزيران 2012. .


**بە زمانی فارسی:**


معرفی شرح مناظر الانشاء، نسخەی خطی کتابخانەی دانشگاه استانبول ترکیه، جميل جعفری و عزيز ناصری، فصلنامه علمی پژوهشی زبان و ادب فارسی- دانشگا ازاد اسلامی واحد سنندج-شماره 10/ سال چهارم/ بهار .1391


**بە زمانی تورکی:**


"Bursalı Mehmed Tahir", Ömer Faruk Akun, *Türkiye Diyanet Vakfı İslâm Ansiklopedisi*, Cilt 6, İstanbul 1992

"Esad Efendi Kütüphanesi", Tuba Çavdar, *Türkiye Diyanet Vakfı İslâm Ansiklopedisi*, Cilt 11, İstanbul 1992

*Osmanlı Müellifleri*, Bursalı Mehmed Tahir Bey, Hazırlayanlar: A. Fikri Yavuz - İsmail Özen, 2. Cild, Yaylacık Matbaası, İstanbul 1972

*Sorularla Osmanlı İmparatorluğu*, Erhan Afyoncu, Yeditepe Yayınları, 2016

عثمانلی مؤلفلری، بروسلی محمد طاهر، ایکنجی جلدك-ایکنجی قسمی، علی شکری مطبعەسی، استانبول، 1338.

**ئینتەرنێت:**

معجم البابطين لشعراء العربية فى القرنين التاسع عشر والعشرين. لە 2008 دەرچووە و زیاتر لە 25 بەرگە و لەسەر ئینتەرنێت و لەم ماڵپەردا جێگیر کراوە. ئینتەرنێت، http://www.almoajam.org 27:2:2017

**www.osmanlicanedemek.com/maarif-2-100110**

**چاوپێکەوتن**

لەگەڵ عەبدوڵڵا دەمیر فەرمانبەری فەرمانگەی ئەرشیڤخانەی عوسمانی لە ئیستەنبوڵ، ڕێکەوتی 19/11/2015.

**کۆدی بەڵگەکان**

A_}MKT__00061_00062_001_001

A_}MKT__00061_00062_001_002

ŞD__02254_00038_001

ŞD__02254_00038_002

ŞD__02254_00038_003

ŞD__02254_00038_004

ŞD__02254_00038_005

ŞD__02254_00038_006


ŞD__02254_00038_007

ŞD__02254_00038_008

ŞD__02254_00038_009


ŞD__02254_00038_010


## وێنەی بەڵگەکان



مالیه ناظری حضرتلرینه


28-1-1263


OSMANLI ARŞİVİ
A.} MKT
61 | 62








۱۶۰
۱۲۷
تاریخ
نمره
مبیضه
مسوده
نوع مسوده
۱۵۰۱
۹۷


شورای دولت